
# تەحەدییەکانی قۆناخی گواستنەوە

## بونیادنانەوەی متمانە و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی



((وەک فەیلەسوفی سیاسیی سیدنی هۆک نووسیویەتی: بۆ ئەوەی دیموکراتی سەرکەتوو بێت داواکاری ئیجابیانە ئەوەیە، رۆشنبیران بە گومانەوە سەیری سەرکردەکانیان بکەن، مەزهەبی گومانکردن (Skepticism) توندە، بەڵام کوێرانە نییە (a skepticism stubborn but not blind) بۆ هەموو ئەو داواکارییانەی بۆ فراوانبوونی دەسەڵات دەکرێن، مەزهەبی گومان جەخت لەسەر میتۆدی رەخنەگرانە دەکاتەوە، لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی). بەڵام ئەوەی ئێمە لە زۆربەی دیموکراتییە نوێیەکانی جیهاندا دەیبینین، پیادەکردنی مەزهەبی گومان نییە، بەڵکو رەتکردنەوەو گاڵتەجارییە (–is not skepticism but cynicism–)).



لاری دایمۆند



پرۆفیسۆر ئۆلی هاڤرلیشین لە یەکێك لە توێژینەوەکانیدا بە ناونیشانی (ماوەی ١٥ساڵی وەرچەرخان لە جیهانی پۆست کۆمونیستدا) کە لە ئامۆژگای کاتۆ بڵاویکردۆتەوە و لە یەکێك لە تایتڵە لاوەکییەکانی تۆژینەوەکەیدا (ستراتیژیەتی ریفۆرم: پراکتیکی و تیۆری) ئاماژە بەوە دەکات لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو خەڵکانێکی ناڕازی هەبوون و دەیانوت: (هیچ ئەزموونێکی پێشتر لەبەردەست نییە بۆ وەرچەرخان لە سۆسیالیزمەوە بۆ سەرمایەداری)، مەبەستیان لەم ناڕەزایی دەربڕینەش ئەوەبووە کە بڵێن زۆر زەحمەتە نەخشەیەکی رێگە بدۆزینەوە تا ئەم وەرچەرخانە رووبدات، هەروەها ئەم ناڕەزاییە لەلایەن خەڵکانێکی دیکەشەوە پەنای بۆ دەبرا کە دژی ئەو راگواستنەبوون و هەوڵیاندەدا هەنگاوەکانی لیبرالیزەکردنی ئابووری و سیاسیی خاوبکەنەوە. بەڵام لەباری واقیعدا مەسەلەکە نەبوونی نەخشەی رێگە نەبوو لەبەر ئەوەی چەندین نەخشەی رێگە لەنێو ئیمپراتۆرییەتی سۆڤییەتی پێشان و دەرەوەش لەبەر دەست بوون بۆ ئەوەی ئەو وەرچەرخانە رووبدات).

پرۆفیسۆر هاڤرلیشین کە پێشتر بریکاری وەزیری دارایی ئۆکرانیا و بەڕێوەبەری تەنفیزی بانکی جیهانی و راوێژکاری چەندین حکومەت بووە لە ئۆراسیا، توێژینەوەکەی لەسەر بنەمای واقیعی جیهانی پۆست کۆمونیست نووسیووە، لەو توێژینەوەشدا هەوڵیداوە جیاوازی لەنێوان بۆچوونە تیۆرییەکان بۆ ستراتیژیەتی چاکسازی و هەنگاوە پراکتیکییەکان بۆ ستراتیژیەتی چاکسازی لێکجیابکاتەوە، بەڵام لێکجیاکردنەوەکەی پرۆفیسۆر هاڤرلیشین بەو مانایە نییە کە پێمان بڵێت ستراتیژییەتی چاکسازی لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی یەکناگرنەوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە خۆمان لەپێوەرە ئایدلۆژییە چەقبەستووەکان رزگار بکەین و بەشێوەیەکی واقیعیانە سەیری واقیعەکە بکەین و لەسەر بنەمای خوێندنەوەمان بۆ واقیعەکە نەخشەی رێگە بۆ وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی دابڕێژین، بۆیە لێرەدا گرنگە دووخاڵ لێکجیابکەینەوە:

١- لە خاڵی یەکەمدا کە پرۆفیسۆری هاڤرلیشین ئاماژە بە ناڕەزایی دەکات بەوەی هیچ ئەزموونێك نییە فێرمان بکات چۆن لە سۆسیالیزمەوە دەست بکەین بە قۆناخی گواستنەوە بۆ سەرمایەداری، لەباری واقیعدا گواستنەوەکە لە دیکتاتۆرییەتەوەیە بۆ دیموکراتی نەك لە سۆشیالیزمەوە بۆ سەرمایەداری، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پاشماوەی هەڵگرانی ئایدلۆژیای کۆمونیستی لەسەر ئەو بنەمایە ناڕەزایی دەردەبڕن کە گواستنەوەکە لە سۆسیالیزمەوە بۆ سەرمایەداری پێشینەی مێژووی نییە، ئەمە تەنیا بۆچوونێکی ئایدلۆژییە، ئەگەر



دانیالا ریسنیك بۆ گوڵان:

## پێویستە دەستەبژێری وڵات ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی پابەند بێت بە بڕینی قۆناخی راگواستنەوەو، گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە و لێبوردە

نا بۆچوونی واقیعیانە (گواستنەوەیە لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی) لەم بازنەیەشدا لەناو ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی پێشان و دەرەوەشی دەیان نەخشەی رێگا لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسی لەبەردەستە.

٢- سەبارەت بە خاڵی دووەمیش کە ئاماژە بەوە دەکات خەڵکانێکی دیکە ناڕەزایی بوون لەوەی هەردوو بواری سیاسی و ئابووری لیبرالیزە بکرێت، یان هەوڵیانداوە لیبرالیزەکردنی ئابووری و سیاسی خاو بکەنەوە، ئەمەش دیسان بۆچوونە ئایدلۆژییەکەیە کە رەخنە تەقلیدییەکانی کۆمونیست لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و شێوازی حکومڕانی دیموکراتی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لەباری واقیعدا هەوڵێك بووە بۆ مانەوەی ئابووری لەدەستی دەوڵەت و سانسۆری دەوڵەت لەسەر زانیاری و ئازادییەکان.

لێرەدا ئەگەر ئەو دووخاڵە بەدیدیکی رەخنەیی وەك لاری دایمۆند لە زاری سیدنی هۆکەوە کە ناوی لێناوە مەزهەبی گومان (skepticism) بخوێنینەوە، ئەوا چەند گومانەکە توندتر بێت رەخنەی راشکاوانەتر بەرهەم دێت و ئاستی پراکتیك و تیۆر لێکنزیکدەکاتەوەو نەخشەی رێگە بۆ وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی باشتر دادەڕێژێت، بەڵام ئەگەر پیادەکردنی گومان بۆ بەرهەمهێنانی رەخنە نەبێت و تەنیا بۆ پێداگرتن و عینادی بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا گومان نابێتە میتۆدی رەخنەیی بەڵکو دەبێتە میتۆدی گاڵتەجاری. لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی بگەینە خاڵی هاوبەش بۆ دۆزینەوەی نەخشەی رێگە، ئەوا لێك دووردەکەوینەوە.

### میتۆدی گومان وەك میکانیزمی چێك و بڵانس

ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی دیکتاتۆریەوە بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرن و هەتا ئێستاش دیموکراتی بەتەواوەتی رەگی دانەکوتیوەو دامەزراوەکانی بەتەواوەتی نەکەوتونەتە سەرپێی خۆیان، ئەوا تێکڕای توخمەکانی حکومڕانی لەقۆناخی گواستنەوەدان و کامڵنەبوون، بۆیە دانپێدانان بەم واقیعە بواری ئەوە لە کۆمەڵگە دروست دەکات، هەموو توخمەکان وەك توخمی ناکامڵ یان شایستەی ئەوەن بە چاوی گومانەوە سەیر بکرێت و رەخنەی لێبگیرێت، بوونی ئەم قەناعەتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەموو توخمەکان (حزبە سیاسییەکان بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و فەرمانڕەواوە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرتی تایبەت، حکومەت ..تاد) هەموویان بەشێوەیەکی رێژەیی (نەك رەها) خۆیان بە خاوەنی راستییەکان بزانن، ئەو رێژەیەی کە بەراستی دەزانن بیخەنە بەردەمی رای گشتی بۆ ئەوەی رایەکی گشتی تەندروست بۆ خزمەتی قۆناخی

وەرچەرخان و لەسەر ئاستە جیاوازی ژیانی تاکەکان لەکۆمەڵگە بوونی هەبێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی رای گشتی ببێتە کۆی زانیارییە راستەکان و بەرهەمهێنانی گوشارێکی تەندروست بۆ ئەوەی ببێتە هاوکار بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، کە ئەم ئەتمۆسفیرە هاتە ئاراوە، متمانەی نێوان رای گشتی و توخمەکانی حکومڕانی دروست دەبێتەوە، ئەم متمانەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی رای گشتی گوشار لەسەر هەموو لایەنەکانی حکومڕانی دروست بکات، بێجگە لەزانیاری ڕاست شتێکی دیکە وەرنەگرێت، بۆ ئەوەی رای گشتی ببێتە توخمێکی سەرەکی دیکە بۆ ئاراستەکردنی کارکردنی باشی دامەزراوەکانی حکومڕانی و خێراکردنی هەنگاوەکانی بڕینی قۆناخی ڕاگواستن.

لێرەوە بۆ ئەوەی زانیاریی راست لای کەس پەردەپۆش نەکرێت، ئەوا رای گشتی گوشار دەکات بۆ ئەوەی یاسای ئازاد کردنی زانیارییەکان، یان یاسای دەسکەوتنی زانیاری لەوڵاتدا هەبێت، لەوانەیە زۆر کەس وابزانێت ئەم یاسایە تەنیا تایبەت دەبێت بە هۆیەکانی راگەیاندن، بەڵام ئەم یاسایە زۆر لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، پرۆفیسۆر لاری دایمۆند لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (بونیادنانی متمانە لە حکومەتدا بەرێگەی پیادەکردنی حکومڕانی باشەوە) توخمەکانی حکومڕانی دابەشکردووە بۆ ستوونی و ئاسۆیی، ئەو پێی وایە نەك هەر لەسەر ئاستی ستوونی پێویستە زانیاری بۆ هاوڵاتییان فەراهەمبکرێت، بەڵکو پێویستە لەسەر ئاستی ئاسۆیش کە بە (دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان و سندوقی گازندە و دەستەی دژایەتی گەندەڵی) پۆلێن کراوە، ئاماژە بەوە دەکات دەبێت لەسەر ئەو ئاستانەش زانیاری بۆ هاووڵاتییان بدرێت و تەنانەت دەبێت دەسەڵاتی دادوەری زانیاری بداتە ئەو تۆمەتبارەی کە بۆ بەرگری کردن لەخۆی پێویستی بەیاسایەو توانای ئەوەی نییە مەسروفی پارێزەر لە ئەستۆ بگرێت.ئەم ئاراستەیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی میتۆدی گومانکردنمان لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی توخمەکانی حکومڕانی دەگۆڕێت بۆ شێوەیەك لە چاودێری کردنی هەڵسوکەوتەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ زانیارییە راستەکان، ئەوجا لێرەوە کاتێك ئەم گومانە دەگۆڕێت بۆ رەخنە و رای گشتی لێی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەوا گومانەکان دەگۆڕێن بۆ چاودێری و راگرتنی بلانسی حکومڕانی لەوڵاتدا.

**حزبی سیاسی لە حکومەت بێت یان پەرلەمان توخمی سەرەکی حکومڕانییە**

ئەگەر دیموکراتی هەبوو، حزبی سیاسیش بوونی نەبوو، ئەوا پێداویستی مانەوەی دیموکراتی حزبی سیاسی



جامیس هابریمان بۆ گوڵان:

**یەکێک لە تەحدییە گەورەکانی قۆناخی راگواستن ئەوەیە چۆن پارتە سیاسییەکان پێکەوە کاردەکەن و چۆن کەشێک دەڕەخسێنن کە بتوانن بڕیاری سەخت بدەن بۆ تێپەڕاندنی قۆناخەکە**

دروست دەکات، ئیفان دوهرتی بەڕێوەبەری پرۆگرامی حزبی سیاسیی لە ئامۆژگای NDI و لە دیراسەتێکیدا بەناوونیشانی (تێکچوونی هاوسەنگی دیموکراتی نووسیوویەتی (رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانن جێگەی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە. ماکس ڤیبەریش ئاماژەی بەوەکردووە کە حزبی سیاسی بەرهەمی دیموکراتییە) کەواتە دوهرتی لەم قسانەی مەبەستی ئەوەیە، پێمان بڵێت دیموکراتی بەبێ حزبی سیاسی بوونی نییە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەرکی حزبی سیاسی (هەموو حزبەکان نەك تەنیا حزبەکانی ناو حکومەت) چییە؟ سەبارەت بەگرنگی حزب بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکان، پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووسی ناوداری واشتنتۆن پۆست (دیڤید برۆدەر) دەڵێت:(لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری ئەمریکیدا ئاماژە بە حزبی سیاسی نەکراوە، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەرانی وڵات مەزندەی ئەوەیان نەکردووە حزبی سیاسی بوونی هەبێت، بەڵام بەخێرایی حزبی سیاسیی وەك وەڵامدانەوەیە بۆ پێداویستە سەرەکییەکان دروست بوو، حزبی سیاسی دامەزراوەیەکە ئەرکی پۆلینکردنی دواکارییە پێکناکۆکەکانی تاك و کۆ و بەرژەوەندی و ناوچەکانی دەکەوێتە سەرشان و دەبێتە ئامرازی پێکەوە گرێدانەوەیان، هەروەها ئەرکی رێکخستنی ململانێی لەسەر پۆستە گشتییەکان جێبەجێ دەکات، هەر بۆیە ئەگەر حزبی سیاسیی بە شیوەیەکی رێکوپێك ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات، دەبێتە هۆکاری یەکریزی و رێپیشاندەری هاووڵاتییان).


ئەمە پێمان دەڵێت کە حزبی سیاسی (لە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لە حکومەت) ئەو توخمە سەرەکییەیە کە پرۆسەی دیموکراتی پێویستی پێیەتی، هەربۆیە وەك برۆدەریش ئاماژەی پێکردووە ئەگەر حزبە سیاسییەکان بە رێکوپێکی ئەدای خۆیان بکەن، ئەوا یەکریزی هاووڵاتییان دەپارێزن و بەرچاو ڕوونیان بۆ فەراهەم دەکەن، بەڵام لەهەموو قۆناخێکدا حزبی سیاسیی ئەرکی تایبەتی دەکەوێتە سەرشان، هەر بۆ نموونە ئەو ئەرکەی حزبی سیاسیی لە بڕینی قۆناخی ئینتیقالی دەکەوێتە سەرشانی، لەوانەیە لە قۆناخی سەقامگیربوونی دیموکراتی ئەرکەکەی بگۆڕدرێت، سەبارەت بە رۆڵی حزب لە قۆناخی ئینتیقالی پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دانیالا ریسنیك تۆژەی باڵا لە ئامۆژگای جیهان بۆ پەرەپێدان(UNU-WIDER) کرد و سەبارەت بە ئەرکەکانی قۆناخی ڕاگواستن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دوو فاکتەر هەن زۆر گرنگن بۆ قۆناخی گواستنەوە، یەکەمیان هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران و هاووڵاتییانە بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی گرنگی دەنگدان و هەڵبژاردن و گرنگی ئەوەی دەبێت کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکان

لە ئاستی خەڵکیدا بەرپرسیار بن، هەروەها دەبێت ئەو کاربەدەستانە ئەدایەکی باشیان هەبێت و خەڵکی ئاگاداربکەنەوە لە بارەی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن و دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی سامانی گشتی. لەم ڕووەوە کۆمەك بەخشە نێودەوڵەتییەکان وۆرك شۆپ بۆ خەڵکە مەحەلییەکە ئەنجام

**ئەگەر خەڵکی نەزانن چی لە ناو حکومەتدا ڕوودەدات، ئەوا بەرپرسە حکومییەکان بە ئاسانی دەتوانن ڕەفتاری ناڕاست ئەنجام بدەن و سەرچاوەو سامانی گشتی بۆ دەستکەوتی تایبەتی بەکار بهێنن**

دەدەن و هەندێ لە ڕێنمایی و پەرتووکەکان وەردەگێڕنە سەر زمانی خەڵکەکە دەربارەی چۆنییەتی بەرزکردنەوەی داواکاری لە لایەن هاوولاتییانەوە لە پێناو چەسپاندنی زیاتری دیموکراسی و بەرپرسیارێتی و حکومڕانی باش. فاکتەری دووەم پەیوەستە بە بنیاتنانی پارتە سیاسیەکانەوە، لە زۆرێك لەو شوێنانەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی داراییان نییە، یاخو بەرنامەیان نییە، یان ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراویان نییە. کە دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش وۆرکشۆپ ئەنجامبدرێت بۆ هۆشیارکردنەوەیان دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی دارایی، بۆ ئەوەی ئەو جەشنە پارتە سیاسیانەمان هەبێت کە بایەخ بە پێداویستییەکانی هاوولاتییان دەدەن، هاوولاتییان هۆشیاردەکەنەوە لە بارەی گرنگی دیموکراسی و گرنگی پارتە سیاسییەکان لە دیموکراسیدا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ڕاستییەك بکەین، ئەو ڕاستییە تەحەدایەکی دیکە و دەبێت لەوە تێبگەین دیموکراسی پرۆسەیە نەك دەرئەنجام، لەبەر ئەوە ڕەنگە پارتە سیاسییەکان پێویستییان بەوە هەبێت ماوەیەك لە دەسەڵاتدا بن بۆ ئەوەی بۆیان یەکلابێتەوە کە چ ئایدلۆژیایەك واقیعییە و چ ئایدۆلۆژیایەکیش واقیعی نییە، هەروەها چ ئایدۆلۆژیایەك بەشێك لە خەڵکەکە دەکاتە دەرەوەی پرۆسەکە و چ ئایدلۆژیایەك بەم شێوەیە کارناکات. کەواتە دیموکراسییەتی ناوخۆیی گرنگە، من لەسەر یەکێك لە وڵاتە ئەفریقیەکان کاردەکەم، زۆرێك لە پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، کە ڕەنگە لێرەدا پێویست بەوە بکات کۆمەکبەخشەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتی و هاوکاری ئەم پارتە سیاسییانەدا بدەن بۆ ئەوەی ڕێساگەلێکی دیاری کراو دابڕێژن لە پرۆسەیەکی شەفافدا کارەکانیان ئەنجامبدەن. کەواتە ئەم پرۆسەیە هەم پێویستی بە سەرچاوە و دارایی هەیە، هەروەها پارتە سیاسییەکانیش پێویستیان بە کات هەیە بۆ ئەوەی فێربن چۆن بە شێوەیەکی واقیعیانە ڕەفتار بکەن.))

ئەوەی پرۆ فیسۆر دانیاڵ ئاماژەی پێکرد شێوازی کاری حزبە سیاسییەکان بوو لە ناو کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڵام لایەنێکی دیکەی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە دیاردەی فرەحزبی و فرەلایەنییە، جۆرێك لەکار بەکۆمەڵ لەخۆی دەگرێت ئەمەش مانای ئەوەی پێویستە حزبە سیاسییەکان وێڕای بوونی جیاوازی بۆچوونە سیاسییەکان بەجۆرێك ڕەفتار بکەن کە بتوانن پێکەوە بەئاشتی پێکەوە کار بکەن و پرۆسە دیموکراتییەکە بەرەو سەرکەوتن بەرن، سەبارەت بەم لایەنە، پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر جامیس هابریمان لەزانکۆی جۆرج تاون کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی گوڵانی داینەوەو وتی : (یەکێك لە مەسەلەکان ئەوەیە ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان کارلێك لەگەڵ یەکدا دەکەن لە کەشێکدا کەپێویستە بڕیاری سەخت بدرێت؟، بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی سیاسی یان هاوپەیمانێتییەکی سیاسی براوە بوو لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا هەوڵدەدات بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا باجی ئەو جێبەجێکردنە چییە؟، چونکە هەندێ جار دوای گرتنەدەستی دەسەڵات ئەو پارتە سیاسییانە بۆیان دەردەکەوێت ئەو باجەی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان بیدەن زۆر زیاترە لەوەی پێشبینیان دەکرد، ئایا ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستیدا بۆ جێبەجێکردنی چین. چونکە ئەمە کێشەیەکە تەنیا ڕووبەڕووی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان نابێتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش دەبێتەوە، بەڵام گرنگترین تەحەددی لەم ڕووەوە بریتییە لە تەحەدی حکومەت، بەڵام پێموایە ئەو مەسەلەیەی دەبێت پێش تەحەددی حکومەت لە بارەیەوە بدوێین، بریتییە لە بوونی پەیوەندی ڕوون لە نێوان سەرکردایەتی سیاسی و کۆمەڵگەدا، ئەویش بۆ دیاری کردنی ئەوەی دەبێت چی بکرێت. چونکە ئەگەر ئەم پەیوەندییە هەبێت ئەوا ئاسانتر دەتوانرێت مامەڵە لەگەڵ تەحەددی حکومەتدا بکرێت. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی کێشەیەکە کە ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر خەڵکی نەزانن چی لە ناو حکومەتدا ڕوودەدات، ئەوا بەرپرسە حکومییەکان بە ئاسانی دەتوانن ڕەفتاری ناڕاست ئەنجام بدەن و سەرچاوەو سامانی گشتی بۆ دەستکەوتی تایبەتی بەکار بهێنن. واتە ئەگەر خەڵکی بزانن ئامانجەکانی حکومەت چییە، ئەوا بەرپرسە



**ئەگەر حزبە سیاسییەکان بە ڕێکوپێکی ئەدای خۆیان بکەن، ئەوا یەکریزی هاووڵاتییان دەپارێزن و بەرچاو ڕوونیان بۆ فەراهەم دەکەن**

حکومییەکان و سەرکردە سیاسییەکان ڕووبەڕووی بەرپرسیاری دەکەنەوە. کەواتە دەبێت زانیاری هەبێت لەبارەی ئەوەی حکومەت چی دەکات و دەیەوێت چی بکات و تا ئێستا چی بەدەست هێناوە. حکومەت دەتوانێت هەموو شتێك بکات، لە هەمان کاتدا هەندێ جار شکست دەهێنێت، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام دەبێت دەنگدەران زانیاریان هەبێت لەبارەی ئەوەی حکومەت هەوڵی ئەنجامدانی دەدات،




هەروەها لە بـــا ر ە ی هۆکاری شکستهێنانی حکومەت ئەگەر هاتوو شکستی هێنا، واتە ئایـــا هۆکارەکە بێکەفائەتییە، یاخود هـــۆکاری دەرەکیە. ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەینـــەوە، ئەوا من دەڵێم نەتەوەکان پێویستیان بەوە هەیە بەختیان هەبێت، واتە خۆشـــبەخت بن لەوەی حکومەتێکی باش حکومڕانی بکات و چاکسازی ئەنجامبدات، کە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری هاوشان بێت بەو چاکسازیانە. پێم وایە هەر حکومەتێکی هەوڵـــی ئەنجامدانی کاری گەورە بدات کە لـــە کۆتاییدا دەرئەنجامگەلێکی ئابووری خراپی لێبکەوێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوەی لێناکرێت بـــۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بـــەردەوام بێت. کەواتە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەم پێویستت بە بەخت و هەم پێویستت بە دانانی ستراتیجییەت دەبێت بۆ ئەوەی ئەوە دیاری بکەیت لە سەرەتادا ڕووبەڕووی چی دەبیتەوە، ئەمەش پێویست بە بوونی شەرعییەتی سیاســـی دەکات، بەتایبەتـــی ئەگـــەر بتەوێت کاری گـــەورە ئەنجام بدەیت. داڕشـــتنی ئەم ستراتیجییەتەش کارێکی سەختە و لە ڕاستیدا پێویست بە بوونی ئەو سیاسییانە دەکات کە کەســـانێکی تەواو دەســـتپاك و نەزیهن. ))

**گەندەڵی تەحەدییە گەورەکەی قۆناخی راگواستن**

دیـــاردەی گەندەڵی لەگـــەڵ ئەوەی دیاردەیەك نییە تایبەت بێت بەو وڵاتانەی

بە قۆناخی ڕاگواستن تێپەڕ دەبن بەڵام ئەم مەترسییەی لەسەر قۆناخی ئینتیقالی دروستی دەکات، زیاترە لەو مەترسییانەی کە دوای چەسپاندنی دیموکراتی دروست دەبن، بۆ بەدواداچوونی ئەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مەهدی شەفاددین ئوستادی ئابووری و پەرەپێدان لەزانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا کرد، لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر شەفاددین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (پێموایە مەبەستی ئێوە لە قۆناغی گواستنەوە بریتییە لە گواستنەوە لە دۆخێکی ناگەشەکردووەوە بۆ دۆخێکی گەشەکردوو. ئەگەر وابێت ئەوا دەبێت روون بین لەوەی مەبەستمان لە چەمکی گەشەپێدان چییە. بە پێی بۆچوونی گونار مایرداڵ، کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە گەشەپێدانی ئابووری، گەشەپێدانی ئابووری بریتییە لە:(بەرەوپێشچوون لە تێکڕای سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە بەرەو پلەیەکی باڵاتر». پێکهاتەکانی ئەم سیستەمە بریتین لە پرسە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەیی و ڕێکخراوەییەکان. دەبێت تێکڕای ئەم پێکهاتانە بەرەو باڵاتر گەشە بکەن. ناسازی لە نێوانیاندا سەردەکێشێت بۆ لاوازبوونی تێکڕای سیستەمەکە. بەتایبەتی کە مەسەلە سیاسی، دامەزراوەیی و ڕێکخراوەییەکان پێکەوەپێوەندیدارن. بابەتە سیاسییەکان پێویستییان بە بەشداری بەرفراوانی خەڵك و بەرپرسیارێتی هەیە. بەشداریکردنیش پەیوەستە بە پرسی دیموکراسی و نوێنەرایەتیکردنەوە. دەبێت حکومەت لە ئاستی پەرلەماندا بەرپرسیار بێت و ئەندام پەرلەمانەکانیش لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسیار بن. هەروەها لە هەمانکاتدا، پێویستی بە بوونی دامەزراوەیەکی قەزائی سەربەخۆ و بەهێز دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگرێك تاوەکو بەرپرسەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕەفتاری هەڵە یاخود گەندەڵکارانە نەکەن. ئەرکی سیستمی قەزائی بریتییە لە ڕێگرتن و سزادان. ئەگەر سیستەمی قەزائی سەربەخۆ نەبێت یان لاواز بێت و ئەندامانی پەرلەمان لە ئاست خەڵك بەرپرسیار نەبن، یاخود حکومەت لە ئاست پەرلەماندا بەرپرسیار نەبێت، ئەوا مەترسی زیادبوونی گەندەڵی هەڵدەکشێت. دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت گەندەڵی بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە دروست دەبێت، یەکەمیان: هەژاری و پێویستی، دووەمیان: تەماعکاری و چاوچنۆکی بەرپرسەکان، لە ڕاستیدا دەکرێت تا ڕادەیەکی دیاریکراو کێشەی چاوچنۆکی لە ڕێی چەسپاندنی بەرپرسیارێتی و سیستمێکی قەزائی کاراوە چارەسەر بکرێت. بەڵام پرسی هەژاری، ڕەگ و ڕیشەی لە دواکەوتوویی و مانەوەی هەژاریدایە. لێرەدا، مەسەلە ئابوورییەکان



مەهدی شەفاددین بۆ گوڵان:

**پرسە سیاسییەکان پێویستی بە بەشداری بەرفراوانی خەڵک هەیە، ئەمەش پێوەندی بە نوێنەرایەتیکردنەوە هەیە. دەبێت حکومەت لە ئاستی پەرلەماندا بەرپرسیار بێت و ئەندام پەرلەمانیش لەبەردەم خەڵکدا**

دەردەکەون. دەبێت سیستەمە ئابووریەکە بەرەو باڵاتر گەشەی پێبکرێت ئەویش لە ڕێی گەشەپێدانی ئابووری خێرا و دووبارە دابەشکردنەوەی سوودی ئەو گەشەکردنە. هەربۆیە هەمیشە چارەسەرکردنی گەندەڵی و لاوازی ئەو دامەزراوانەی تازە دروست دەبن قورسترە. لەڕاستییدا ئەمە پێویست بە گرتنبەری ڕێ و شوێنگەلێك بۆ ڕێگەگرتن دەکات- کە ئەو ڕێ و شوێنانە نەك تەنها پێویستی بنیاتنانی دامەزراوەکان، خێراترکردنی ڕەوتی گەشەی ئابووری دەهێننە ئاراوە، بەڵکو پێویستی هێنانەئارای بەرپرسیارێتیش دەهێننەکایەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا. ئەگەر بەرپرسیارێتی نەبوو (دیموکراسی، سەربەخۆی سیستمی قەزائی...)، ئەوا پرسی گەندەڵی و لاوازی دامەزراوەکان سەرهەڵدەدەن و ناتوانرێت بە ئاسانی چارەسەر بکرێن. کاتێك دامەزراوەکانی دیموکرای و سیستمی قەزائیش لاواز دەبن، گەندەڵی دروست دەبێت و کاتێکیش گەندەڵی هەبوو ئەوا بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەی پێویستن بۆ بەرپرسیارێتی لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدا نابێت کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون))

ئەوەی پرۆفیسۆر شەفادین ئاماژەی پێکرد، کاتێك دامەزراوەکان لاوازبن ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی قورستر دەبێت، پرۆ فیسۆر سترۆم ساکەر ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی........ لەوەڵامی هەمان پرسیاری گوڵاندا بۆچوونێکی دیکەی هەیە و سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی گواستنەوەدان، ناوبراو پێیوایە دەشێت، ئەویش پاشماوەی ڕژێمە کۆنەکە بێت و کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگە بەجێ هێشتبێت، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گوتی : (من قەناعەتم وانییە گەندەڵی بەرەو هەڵکشان بچێت کاتێك وڵاتەکە بەرەو دیموکراسی وەردەچەرخێت، ڕاستە دەرفەتی نوێ بۆ هەندێ گرووپ دروست دەبێت بۆ ئەوەی گەندەڵکاری بکەن، لەبەر ئەوەی پێشتر دەستیان بە دەسەڵات نەگەیشتووە، بەڵام ڕەنگە گەندەڵییەکی زیاتر لە ڕژێمە خۆسەپێنەکەی پێشووتردا هەبووبێت کە خەڵکی وردەکارییەکانی نازانن. ئەمە تەحەددیەکی قورسە و بە تێپەڕبوونی کات چارەسەردەکرێت و باوەڕ ناکەم چارەسەرێکی ئاسان و ئۆتۆماتیکی لە ئارادابێت. لە وڵاتی مەکسیك کە پێش دە ساڵ وڵاتەکە بەرەو دیموکراسی وەرچەرخا، پارتی نوێی دەسەڵاتی گرتەدەست و بەڵێنی پاککردنەوەی حکومەتی لە گەندەڵیدا و بەڵێنی سزادانی ئەو کاربەدەستانەی دا کە لە ڕابردوودا لە

گەندڵییەوە تێوەگلابون، بەڵام زەحمەتییەکە ئەوەیە ئەم پارتە حکومڕانە پێویستی بە پشتیوانی سیاسی ئەندامانی ئەو پارتە هەیە کە پێشتر حکومڕان بوو، ئەویش لە پێناو تێپەڕاندنی یاساکان لە پەرلەماندا. کەواتە ناتوانن لە یەك کاتدا بە هاوکاری پارتی حکومڕانی پێشوو یاساکان دەربکەن و سزایان بدەن لەسەر ئەو کارانەی لە ڕابردوودا کردوویانە، کەواتە کاتێکی زۆر دەخایەنێت تاوەکو دامەزراوەکان بەهێز بن و سەروەری یاسا بەهێز بێت. من پێموایە ئەوە پرۆسەیەکی ناوخۆییە کە دەرئەنجامەکەی کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکە دەبێت، بۆ نموونە لە هەندێ لەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجاممداون، ئەو دەرئەنجامە ڕوون بۆتەوە کە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی هەندێ ئاکام و ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، کە دواتر ئەم ئاکام و ئەنجامانەش دەبنەهۆی زیاتر پەرەپێدانی دیموکراسی. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی دوورودرێژە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت، ڕەنگە هەندێ جار پێویست بکات لەگەڵ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکدا دوو هەنگاو بگەڕێینەوە دواوە. هەرچۆنێك بێت ناکرێت ئەم پرۆسەیە لە دەرەوەرا بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت هەڵقوڵاوی ناوخۆی کۆمەڵگەکە بێت. واتە هەندێ جار کە دەست بە پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسی دەکەین، ڕەنگە دەرئەنجامێکی سیاسی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە ببێتەهۆی دوورکەوتنەوەمان لە دیموکراسی، ئەگەری ئەوەش هەیە ببێتەهۆی چالاککردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە بچوکەکان و سەرەنجام بەرەوپێشچوونی زیاتری دیموکراسی.))

### بونیادنانەوەی متمانە و بەشداری خەڵك لە پرۆسە سیاسییەکە

گەورەترین کێشەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و قۆناخی ڕاگواستن نەبوونی متمانەیە، لە نێوان جەماوەر و پارتە سیاسییەکان، لەنێوان جەماوەر و حکومەتدا، سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان کە نەبوونی متمانەیە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و جەماوەردا، بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو وڵاتانەی تازە پێگەیشتوو لە مەکسیك تا ژاپۆن لە پۆڵەندا تا باشووری ئەفریقیا ئەنجامدراون، ئاماژە بەوە دەکەن ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە قۆناخی ڕاگواستن دێتە ئاراوە بۆ تێکرای کۆمەڵگە نامۆیە، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی پێشتر پێشینەیەکی یاسایی (لیبرالیزم) یان نییە، ئەمە بەڕاشکاوی لەوڵاتانی پۆست کۆمونیستی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا لەگەڵ دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤییەت دیارن، پرۆ فیسۆر دانیالا ریسنیك سەبارەت بەم پرسە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردوە، پێویستە دەستەبژێری کۆمەڵگە خاوەنی ئیرادەیەك بێت کە بتوانێت بڕیار بدات بەوەی پێویستە قۆناخی ڕاگواستن



سترۆم کاسەر بۆ گوڵان:

**هەندێ جار کە دەست بە پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسی دەکەین، ڕەنگە دەرئەنجامێکی سیاسی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە ببێتەهۆی دوورکەوتنەوەمان لە دیموکراسی**

تێپەڕێنرێت و وتی: (ئەمە پێویستی بەوە هەیە نوخبەی وڵاتەکە ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی پابەند بێت بە گۆڕینی کۆمەڵگە و وڵاتەکە لە تۆتالیتاریەتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە و لێبوردە. زۆرجار دروستکردنی لیژنەی ئاشتەوایی دەرئەنجامی باشی لێکەوتۆتەوە، ئەویش بە دروستکردنی پرۆسەیەك کە هەمووان لە خۆبگرێت و هەمووان تێیدا بەشداربن، بەڵام ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەو نوخبە سیاسییەی وڵاتەکە کە ئایا ئیرادەی ئەوەیان هەیە ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش ببەن. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن یارمەتی ئەم نوخبەیە بدەن و فشاریان لەسەر دروست بکەن بۆ ئەوەی بەم ئاراستەیەدا کاربکەن. کەواتە ئەگەر پابەندبوونێك نەبێت لەلایەن نوخبە سیاسییەکەی وڵاتەکەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە بەرهەمدار نابێت.))

بەڵام پرۆ فیسۆر سترۆم ساکەر پێی وایە ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوە هەیە کە ئەو دامەزراوانەی بونیاد دەنرێت ببنە هۆکارێکە بۆ ئەوەی توخمە سەرەکییەکان کاربکەن، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و گووتی: (بەشێکی بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی سیاسییەکان، بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دامەزراوانەی لە ئارادان، لەگەڵ بونیادی سیستمە سیاسییەکە کە پاڵنەری ئەوە بخوڵقێنێت گروپە جیاوازەکان پێکەوە کاربکەن و بگەنە ڕێککەوتن بۆ هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا، نەك پاڵنەری ئەوە بخوڵقێنێت کە پارتێکی سیاسی لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات گاڵتە بە ڕای گشتی بکات.کەواتە ئەمە دەوەستێتە سەر ئەو دامەزراوانەی لە ئارادان و ئەو پارتە سیاسییانەی بوونیان هەیە، کە دەبێت بونیادە سیاسییەکە بە چەشنێك بێت پارتە سیاسییەکان هانبدات بۆ ئەوەی پاڵنەری ئەوەیان هەبێت پێکەوە کاربکەن، بەڵام ئەمەش هەمیشە شتێکی زامنکراو نییە. لە هەندێ لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین سەرکردەگەلێکی ڕادیکاڵ هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێساگەلێکی دیاری کراو لە ئارادان ئەوا ئەو سەرکردانە ناچار دەبن ڕووی خیتابیان بکەنە بەشێکی بەرفراوانتری خەڵك، نەك بە تەنیا لەسەر بناغەی بۆچوون و تێڕوانینە ڕادیکاڵ و بەرتەسکەکانیان ڕەفتار بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەمە دەرئەنجامێکی زامنکراو نییە، بەڵام دەکرێت و مومکینە ڕووبدات، بەڵام ڕەنگە هەموو جارێك ئەوە مومکین نەبێت، بەڵام مومکینە بونیادی دیموکراسی لە هەموو شێوە ڕێکخستنە سیاسییەکانی دیکە گونجاوترییت بۆ ئەو چارەسەرە. هەرچۆنێك بێت ئەمە دەوەستێتە سەر هەلومەرجی تایبەتی و دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگەیەی لە بارەیەوە دەدوێین)).

# پردێک لە نێوان واشنتۆن و هەولێر

**کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەمەریکی لەهەولێر لەسەر ئاستێکی بنچینەیی بایەخی سیاسیشی هەیە، بوونی پێوەندی کونسوڵگەرایی ئاماژەیە بەوەی هەرێمەکەو وڵاتی خاوەن کونسوڵخانەکە لە بنەڕەتدا ئیعتیراف بە یەکتری دەکەن. زۆرجار ئیعتیرافنەکردنیش ڕوودەدات- لێرەدا دەتوانین تەنیا ئەو ڕاستییە بیربخەینەوە کە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، باڵیۆزخانە یان کونسوڵخانەی لەوڵاتێکی وەک ئێراندا نییە.**



## دەیڤید ڕۆمانۆ*

■■■
مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت
■■■

لە کۆتایی و ئەنجامدا، هەفتەی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کونسوڵخانەیەکی لە هەولێر کردەوە. هەروەها پێش چەند ڕۆژێکی کەم کونسوڵخانەیەکی دیکەی لە بەسرە کردەوە. بۆچی ئەو ماوە زۆرەی پێچوو تاوەکو ئەمەریکا ئەم کونسوڵخانەیە بکاتەوە و ئایا ئاکامەکانی کردنەوەی کونسوڵخانە چین؟

پێدەچێت وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم تا ڕادەیەکی باش لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم ئاسانتر بێت. پێشتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو کونسوڵخانەیەی نەکردەوە، لەبەر ئەوەی پێویستی پێی نەبوو. نووسینگەکانی تیمی ئاوەدانکردنەوەو سەنتەرەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لەناوچەکانی دیکەی عێراق، دەرفەت و پێگەی ئەوەی بۆ دروستکردبوون تاوەکو لەگەڵ گرووپە جیاوازەکانی عێراقدا پێوەندی گرێبدەن و پەرە بە کارەکانیان بدەن. کەواتە لە کاتێکدا ماوەیەك پێش ئێستا، ئێرانییەکان، ڕووسییەکان، هۆڵەندییەکان، دانیمارکییەکان، ئەڵمانییەکان، بەریتانییەکان، بەرازیلیەکان، کرواتیەکان، فەرەنسیەکان، ئەردەنییەکان، میسرییەکان، کویتیەکان، نەرویجیەکان و تەنانەت (لەکۆتاییدا) تورکەکانیش بڕیاری کردنەوەی کونسوڵخانەیان لە کوردستان دەرکرد، ئەمەریکیەکان تەنیا لە حوزەیرانی ۲۰۱۱دا ئەم کارەیان کرد.

کونسوڵخانەکان تەرکیز لەسەر پێوەندییە ئابووری، کەلتووری و بازرگانییەکان دەکەنەوە و ئاسانکاری بۆ بنیاتنان و پەرەپێدانی پێوەندی ڕۆژانەی نێوان وڵاتی میوان و وڵاتی خۆیان و ئەو ناوچەیەی تێیدا بارەگای لێدەکەنەوە، دەکەن. ئێستا کوردستانییەکان دەتوانن ئاسانتر داواکاری بۆ بەدەستهێنانی ڤیزەی ئەمەریکی پێشکەش بکەن و ئاسانتر دەتوانن پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەوبکەن. هەروەها وەبەرهێنانی ئەمەریکی (بۆ هەرێمەکەیان)کێشبکەن و بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا گرێبدەن.

ئەوان چیتر پێویستیان بەوە نەماوە بۆ ئەو شتانە سەفەری بەغدا بکەن.

لە هەمان کاتدا کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەمەریکی بایەخی سیاسیشی هەیە. لەسەر ئاستێکی بنچینەیی، بوونی پێوەندی کونسوڵگەرایی ئاماژەیە بەوەی هەرێمەکە و وڵاتی خاوەن کونسوڵخانەکە لە هەردوو سەرەوە ئیعتیراف بە یەکتری دەکەن. زۆرجار ئیعتیرافنەکردنیش ڕوودەدات- لێرەدا دەتوانین تەنیا ئەو ڕاستییە بیربخەینەوە کە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باڵیۆزخانە یان کونسوڵخانەی لەوڵاتێکی وەك ئێراندا نییە. هەروەها کردنەوەی کونسوڵخانەکە بەرجەستەبوونی ئەو زنجیرە پێوەندییە ئاڵوگۆڕییە کە ڕوودەدات و بریتییە لە گۆڕانی بوون و ئامادەیی سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا بۆ دروستکردن و گرێدانی پێوەندی لەگەڵ وڵاتەکەدا لەسەر بناغەی مەدەنی. لەکاتێکدا کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەردەوامە، ئەوا ئەم بوونە سەربازییە دەگۆڕن بۆ گرێدانی پێوەندی لە ڕێی دیبلۆماتییەوە، یان لە ڕێی بەڵێندەر و بەرپرسە مەدەنییەکانی دیکەی ئەمەریکیەوە. لە هەمووشی گرنگتر، ئەم ئاڵوگۆڕە ئاماژەیە بە بایەخ و بەشداربوونی ئەمەریکا لە ئایندەی عێراقدا. لەبری «پێچانەوەی بارەگا و بنکە و گەڕانەوە بۆ وڵات» بە چەشنی ئەوەی لە ئەفغانستاندا کردیان دوای کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی هەشتاکاندا.

ئەمەش هەواڵێکی خۆشە بۆ کوردەکان، کە لەگەڵ واشنتۆن پەرەیان بە پێوەندییەکی باشی سەرکەوتوو داوە لە ئیلتیزامی بەردەوامی ئەمەریکا بەرامبەر وڵاتەکەیان سوود وەردەگرن. بوونی دیبلۆماتکارە ئەمەریکیەکان لە هەولێر بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتەهۆی پەرەپێدان بە ئاشنایەتی لەگەڵ کوردستان و بایەخ و نیگەرانیەکانی کورددا، کە دەکرێت ئەمە ببێتە پارسەنگێکی گرنگ بۆ ئاشنابوونی دیبلۆماتکارە ئەمەریکیەکان بە پرس و باسەکانی بەغدا لە پایتەختدا. هێڵی

ئاسانتر و ئاساییتر هەڵبسورێت.

ئەوە شتێکی نهێنی نییە کە کوردستانی عێراق، چەشنی زۆرێك لە ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان، خوازیاری بەدەستهێنانی پشتیوانیە بۆ ئیعتیرافکردن بە دەوڵەتی کوردی، ئەمە ئەگەر پێویستی بە کارێکی وا بکات. سەرەڕای ئیعترافێکی سنووردار، بایەخی ڕەمزیی و بەشداربوونی گەشەکردووی کونسوڵخانەکان لە هەرێمێکدا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنن کە بە ئاسانی بگۆڕدرێن بۆ باڵیۆزخانە. ئەگەر عێراق وەك دەوڵەتێك شکست بهێنێت، ئەوا بوونی تۆڕێکی گەشەکردووی کونسوڵخانە نێودەوڵەتییەکان لە هەولێر پێگەیەکی سوودبەخش بە دەوڵەتێکی کوردی دەبەخشێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی ئیعترافی نێودەوڵەتی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، پێش ئەوەی خوێندنەوەیەکی زۆر بۆ گرنگی دامەزراندنی کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین، ڕەنگە کارێکی سوودبەخش بێت بەراوردێك لە نێوان لێدوانی ئەمەریکیەکان لە بارەی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی هەولێر بە لێدوانەکانیان لە بارەی کردنەوەی کونسوڵخانەی نوێ لە بەسرە بکەین. ئەوەی پێوەندی بە کونسوڵخانەی بەسرەوە هەبێت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەلاتی نزیك جێفری دی.

## ئێستا کوردستانییەکان دەتوانن بە ئاسانتر داواکاری بۆ بەدەست هێنانی ڤیزەی ئەمەریکی پێشکەش بکەن و ئاسانتر دەتوانن پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتەو بکەن

فێلتمان ڕایگەیاند «ئێمە بەڵێنی پشتیوانی بەردەوام بۆ خەڵکی عێراق لە دامەزراندنی وڵاتێکی خاوەن سەروەری و سەقامگیر کە پشت بەخۆی ببەستێت، دەدەین. وەك وڵاتێکی دیموکراسی دۆست، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەقدیری ئەو تەحەددیاتانە دەکات کە دیموکراسیەتی نوێ کۆمەڵگەیەك کە هەمووان لەخۆبگرێت. بە شەراکەتکردن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، ئێمە بەردەوام دەبین لەپشتیوانی بەرەوپێشچوونی عێراق بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی بەها هاوبەشەکانمان بێت لە

## باڵێوز جێفری لە کردنەوەی کونسوڵخانەکە لە هەولێر وتی: « خواستی پڕ پەرۆشی ئێمە ئەوەیە لە مێژووی کارەساتباری ناوچەکەوە هەرێمی کوردستانێکی بەهێز و پرشنگدار لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتدا سەرهەڵبدات

لێبوردەیی و هەمەڕەنگی.» لە کردنەوەی کونسوڵخانەی بەسرە» باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێفری باسی لە ئیلتزامی هاوبەشی نێوان عێراقییەکان و ئەمەریکیەکان کرد لە پێناوی هێنانەدی ئازادی و دیموکراسیدا.» (١)

هەرچۆنێك بێت، لەهەولێر، لێدوانەکانی باڵێوز جێفری لەکردنەوەی کونسوڵخانەدا لەوێدا بریتیی بوو لە « خواستی پڕ پەرۆشی ئێمە ئەوەیە لە مێژووی کارەساتباری ناوچەکەوە هەرێمی کوردستانێکی بەهێز و پڕشنگدار لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتدا سەرهەڵبدات. ئامانجی ئێمە بنیاتنانی عێراقێکە بۆ تێکڕای هاووڵاتیانی....عەرەب و کورد، شیعە و سوننە، مەسیحی و موسڵمان، یەزیدی و شەبەك، عێراقێك ڕێز لە تێکڕای هاووڵاتیانی بگرێت و عێراقێك یاسا سەروەر بێت تێیدا.... ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڵێنی پشتیوانی بەردەوام بۆ عێراقێکی یەکگرتوو دیموکرات، فرەیی و فیدراڵ بە هەموو خەڵکی عێراق دەدات.»(٢) پێدەچێت ئەمەریکا تەرکیزی لەسەر پرسی جیاواز کردبێت لە بەسرەو هەولێردا. لە باشوور، ئەوان زیاتر نیگەرانن لە بارەی میلیشیا شیعەکان و دەستڕۆییشتوویی ئێرانەوە («وڵاتێکی خاوەن سەروەری، سەقامگیر و پشت بەخۆبەستوو..) هەروەها لەبارەی هەمووان لەخۆبگرێت» و «بەهای هاوبەشی لێبوردەیی و هەمەڕەنگی») بە پێچەوانەوە، لەکوردستان، پێناچێت ئەمەریکیەکان بتوانن تاکە بەیاننامەیەکی ڕەسمی دەربکەن، بێ ئەوەی تەئکید لە مەسەلەی»هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا» و «عێراقێکی یەکگرتوو، دیموکرات، فرەیی و فیدراڵ»نەکەنەوە. بە دڵنیاییەوە ئاماژەکردن بە»دیموکرات»،» فرەیی »،»یەکگرتوو» لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی و خەمی کوردەکانە، بەڵام هەرگیز ئەم ئاماژەکردنە بێ دووپاتکردنەوەی» عێراقێکی یەکگرتوو» تێناپەڕێت. کەواتە لەکاتێکدایە دیبلۆماتە ئەمەریکیەکان هەست بەپێویستی جەختکردنەوە لە» عێراقێکی یەکگرتوو» لە بەسرە ناکەن، ئەوا هەمیشە ئەوەیان لە یادە کە دەبێت لە کوردستان کارێکی وا بکەن.

مەبەستەکە ئاشکرایە: نابێت کوردەکانی عێراق پێشبینی پشتیوانی ئەمەریکا بکەن بۆ پرسی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ڕەنگە باشتر بێت ئەو ڕاستییە وەبیربهێنینەوە کەزۆرێك لە دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان، لە نێویاندا باڵیۆز جێفری، لە شوێنگەلێکی

## ئەوە شتێکی نهێنی نییە کە کوردستانی عێراق، چەشنی زۆرێك لە ناوچە ئۆتۆنۆمیەکان، خوازیاری بەدەست هێنانی پشتیوانیە بۆ ئیعتیراف کردن بەدەوڵەتی کوردی

وەك ئەنقەردا خزمەتیان کردووە پێش ئەوەی بێن بۆ عێراق، بەو پێیە زۆر هۆشیارن و بە نیگەرانییەوە دەڕواننە پرسە هەستیارەکانی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

***

1 .http://iraq.usembassy.gov/press2011/openingof-usconsulate-general.html

2. http://iraq.usembassy.gov/press2011/openingconsulategeneral.html and http://www.iraq-businessnews.com/2011/07/12/us-consulate-general-opens-in-erbil/

*** پرۆفیسۆرە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزۆری و مانگانە بابەتێك بۆ گوڵان دەنووسێت**

# دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ گرەنتییەکە بۆ پاراستنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ







**جۆبا - ئەسما حوسێنی**
**تایبەت بۆ گوڵان**

رەنگە راگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی باشووری سودان یەکێك بێت لەو رووداوە پڕ بایەخانەی کە لەناوچەکەدا ڕوویداوە و لە دوای چەندین بەسەرهاتی دراماتیکیەوە ئەم هەواڵەی سەرخۆبوون سەرتاپای دنیای گرتەوە، ئەو دەوڵەتەی کە لە باشووری سودان لەدایك بووە، لای زۆربەی ناوەند و پێگەکانی دەسەڵاتی جیهانییەوە، بە ترس و وریایی و تەمومژەوە لێی دەڕوانرێت، ترس لەوەی نەوەك ببێتە دەوڵەتێکی دژکار بەوانی تر. وێڕای ئەوەی سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە بۆ چەندین جار دووپاتیان دەکردەوەو ڕایاندەگەیاند کە دەوڵەتە تازە لەدایك بووەکەیان، دەخوازێت ببێتە سەرچاوەیەکی ئاشتەوایی و سەقامگیری لەناوچەکەدا، ئەوان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ناچار بوون لە سودانی دایك جیا ببنەوە، بەهۆی ئەو پەراوێزخستن و جینۆساید و لەناوبردنەی میللەتەکەیان کە بە دەست سیاسەتی زاڵمانەی دەسەڵاتە ناوەندییەکانی حوکم چێشتوویانە کە بە درێژایی مێژوو لە سودان دا زوڵم دەرهەق خەڵکی ئەو بەشەی ئەو وڵاتە کراوە، سودان لە بەڕێوەبردنی پلۆرالیزمی و فرەیی و هەمەجۆرییەتی کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە ڕووی ئاستەکانی ئایینی و رۆشنبیری و ئیتنی و هۆزگەراییەوە پێکدێنێت، شکستی خوارد، شەقامی عەرەبیش زۆر بە سانایی لەو زوڵمانە تێدەگات کە بوونەتە فاکتەر لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا، هۆکاری ئەوە بوون هاووڵاتییان دەربچنە دەرەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فەرمانڕەوایی



ئیدوارد دینۆ سەرکردەی دیاری بزاقی رزگاریخوازی باشووری سودان:

**خەباتی گەلی باشوور و گەیشتنیان بە دروستکردنی دەوڵەت دەبێتە سەرچاوەی سرووش بۆ هەموو میللەتانی تری کە تاکو ئێستاش هەست بە غوبن و زوڵم و زۆری دەکەن لەسەر خۆیان**

ئەم شەقامەی لە سودانە تا ئێستاش پێویستی بەکات و توانای زیاترە تاکو هەمووان تێبگەن لەوەی کە قەهر و زوڵمی لەوەی لە وڵاتانی عارەبی کراون خراپتر هەبوون، کە خەڵکی جوبای ئێستای هانداوە بۆ جیابوونەوە لە وڵاتەکەیان، هەروەکو چۆن ئێستا هەموو خەڵکی باشووری سوودان ئەو داخوازییەی بۆ جیابوونەوە دەخستەڕوو، لەمبارەیەوە «جوزیف لاقو» سەرۆکی بزاقی یەکەمین بزووتنەوەی میللی رزگار لە باشووری سودان «ئەنیانیا» کە ئێستا راوێژکاری سەرۆکی دەوڵەتی باشووری سودان «سلفاکیر میاردیت»ە دەڵێت: ئەو سەرکوتکردن و لەناوبردنەی باشوورییەکان لەلایەن حکومەتە نیشتمانییەکانی سۆدانەوە بە خۆیانەوە بینییان لەسەرهەموو ئاستەکان و بەدرێژایی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتە نیشتمانییەکانی کە لە دوای سەربەخۆیی سوودانەوە لە ساڵی ١٩٥٦ەوەهاتبوونە سەر عەرش هاندەریان بوون بۆ ئەوەی شۆڕش بەرپا بکەن و خەبات لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ رابگەیەنن. تا لەو دەوڵەتدا ئازادی و کەرامەتیان وەك هاووڵاتی پلە یەك پارێزراو بێت، نەك هاووڵاتی پلە دوو کە پێشتر ئەو حیسابەیان بۆ دەکرا. هەروەها ئیدوارد دینۆ کە سەرکردەیەکی دیاری بزاقی میللی و سەرۆکی هەواڵگریی پێشووە دەڵێت، خەباتی گەلی باشوور و گەیشتنیان بە دروستکردنی دەوڵەت دەبێتە سەرچاوەی سرووش بۆ هەموو میللەتانی تری کە تاکو ئێستاش هەست بە غوبن و زوڵم و زۆری دەکەن لەسەر خۆیان، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەم چاخە چاخی گەلانە، هیچ کەسێك چەند هێزیشی بە دەست بێت بۆی نییەو ناتوانێ ویستی گەلان بشکێنێت، یان رۆحیان لەناوبەرێت، د.ریاك مشار بریکاری سەرۆکی حکومەتی باشووری سودان بەشێوەیەك وەسفی عومەر بەشیر دەکات کە ئازایەتی پێوەدیارە، هەروەها دەڵێت بە سەربەرزی دەچێتە ناو مێژووەوە لەبەر ئەوەی وەفای هەبووە بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆی، کاتێ وتی بەڵێن دەدەم مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی باشووری سودان دابین بکەین، ئەم وەفایە بەرامبەر بەڵێنەکە ئاکامەکەی ئەوە بوو ٩٩٪ گەلی باشوور لە پێناوی جیابوونەوە و سەربەخۆییدا دەنگیاندا، ئەوەی بەشیر کردی هەموو ئەو سەرکردانەی پێشووی سودان بە درێژایی مێژوو پێیان نەکراوە، د. فرمینا مکویت منار نوێنەری حکومەتی باشوور لە میسر و کۆمکاری عەرەبی جەختی لەوە کردەوە کە سەربەخۆیی

**سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتە نوێیە بۆ چەندین جار دووپاتیان دەکردەوەو رایاندەگەیاند کە دەوڵەتە تازە لەدایك بووەکەیان، دەخوازێت ببێتە سەرچاوەیەکی ئاشتەوایی و سەقامگیری لەناوچەکەدا**



مەحبوب عەبدولسەلام، جێگری سەرۆکی حزبی کۆنگرەی میللی سودانی

**باشووری سودان وایدەخواست کە بە فیدرالییەت حوکم بکرێت، تاکو لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی دووربکەوێتەوە**

دەوڵەتی باشوور دەبێتە سەرچاوەیەك و رەگەزێکی هێورکردنەوەیە بۆ هەموو ناوچەکە، ئەگەر باکووری سودان پابەند بێت بە بەڵێنەکانی خۆیەوە ئەو کاتە هیچ هۆکارێك لە ئارادا نابێت بۆ هەڵگیرسانەوەی جەنگ و دروستکردنی کوشتار، ئەرکە هەنووکەییەکانی دەوڵەتی باشووریش ئێستا وەدیهێنانی پەرەپێدان و سەقامگیری و ئەنجامدانی پرۆسەی خوێندن و تەندروستی و خۆراك و کار و رێگاوبانە بۆ هاووڵاتییەکانی، نەك کردنەوەی دەروازەی تازە بۆ جەنگ و کوشتار. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، مەحبوب عەبدولسەلام، جێگری سەرۆکی حزبی کۆنگرەی میللی سودانی ئەو حزبەی کە حەسەن تورابی سەرۆکایەتی دەکات دەڵێت: باشووری سودان وایدەخواست کە بە فیدرالییەت حوکم بکرێت، تاکو لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی دووربکەوێتەوە، جیهانی عەرەبیش پێویستە هاوشێوە بە فیدرالی حوکمی خۆیان بکەن، تاکو لە دابەشبوون و بەش بەش کردنی وڵاتەکانیان دووربکەونەوە، بەمشێوەیە



جوزیف لاقو» ڕاوێژکاری سەرۆکی دەوڵەتی باشووری سودان

**ئەو سەرکوتکردنەی لەلایەن حکومەتە نیشتمانییەکانی سودانەوە دژ بە گەلی باشوور ئەنجامدرا هاندەر بوو بۆ ئەوەی شۆڕش بەرپا بکەن و لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ خەبات بکەن**

فیدرالییەت باشترین ڕێگەی چارەسەرە بـۆ گرفتەکانـی عێـراق و لوبنان و وڵاتانی تری فرە ئیتنی، هەروەها دەڵێت جیابوونەوەی باشـوور و دروستکردنی دەوڵەتەکـەی خـۆی، ئاواتێـك نییە بەڵکو گوزارشـتێکە لە شکسـتێك. عومەر بەشـیریش ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی پابەند بووە بـە ئیعتراف کردن بەو دەوڵەتە تازەیەی باشوورەوە، چونکە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی «نیفاشا» هانـدەری بووە تاکو ئەم پابەند بوونەی بپارێزێـت، وێڕای ئـەوەی ئامانجی ڕێککەوتننامـە ڕاگەیاندراوەکـە، دروستکردنی یەکێتییەکی هاوئاهەنگ و کاریگـەر بـووە بەڵام ئـەوە ڕووی نەدا، درکی بـەوەش کردووە کە ئەگەر سـودانییەکان لە بەڕێوەبردنی فرەیی و هەمەجۆرییەتیـدا سـەربکەوتنایە کارنەدەگەیشـتە سـەر جیابوونەوە و سـەربەخۆیی، هەروەهـا مەحـبوب عەبدولسەلام هەر لەسەر هەمان بابەت پێداگیـری دەکات و دەڵێت، کێشـەی کوردەکانیش زۆر لە کێشەی باشووری سوودان گەورەترە، چونکە پێوەندی هەیە بە ستراتیژییەتی کۆمەڵێك دەوڵەتەوە، لەلایەکی ترەوە زۆر کەسیش پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی کە لە فەلەستین دوو دەوڵەت دابمەزرێت یەکیان بۆ جولەکە، ئەویتریان بۆ فەلەستینیەکان، مەحبوب زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە وێڕای سەربەخۆیی دەوڵەتی باشووری سوودان، بەڵام تۆوی جەنگ و کوشتار هێشـتا زەمینەکەی سـازو لەبارە بە تایبەتی لەو مەسەلە هەڵپەسێردراوانەی کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی باشوور و باکووری سـودان جێگەی دڵەراوکێ و گرژین، هەر لەناوچەکانی ئابییەوە تا باشووری کردفان و حەوزی نیلی شین، هـەردوو دەوڵەتی سـودانی بیروڕای جیاوازیان هەیە لەسـەر ئەم مەسەلانە، تاکو ئێستاش دوو هاوڕێی تێگەیشتوو نین لەگەڵ یەکتردا، بۆیە سیماو بۆنی جەنگ هێشتا کاریگەری خۆی هەیە لـە ئاسـۆدا، ئەوەتا دەیان هـەزار لە هێزەکانی فرە ڕەگەز بە درێژایی هێڵی سـنووری نێوانیان، دانراون و بوونیان هەیە، کەواتە هەمووان لە ئاکامەکانی جەنگێکـی چاوەڕوانکراو دەترسـن، چەندە ژمارەی ئەم هێزانە لە داهاتوودا زیاتر بن، هیچ ئاشتەواییەکی حەقیقی لەسـەر زەوی بەدی نایەت، مەحبوب لەمبارەیەوە دەڵێت، بارودۆخ لە ئەوروپا تـەواو جیـاوازە، لەوێ واتـا ئەوروپا تەقالیـد و بنەماکانی دیموکراتییەت و دەزگاکانی چاودێری و لێپرسینەوە پتەو و بەهێزن، بەڵام لە باشـووری سودان بەپێی ڕاوبۆچوونـی مەحبوب گوایە

**کێشەی کوردەکانیش زۆر لە کێشەی باشووری سوودان گەورەترە، چونکە پێوەندی هەیە بە ستراتیژییەتی کۆمەڵێك دەوڵەتەوە**



د.ریاک مشار بریکاری سەرۆکی حکومەتی باشووری سودان

**عومەر بەشیر وەفای هەبووە بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆی، کاتێ وتی بەڵێن دەدەم مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی باشووری سودان دابین بکەین**

هیچ کۆمەڵگەیەکی سیاسی و حزبی تێدا نییە کە لەسەر ئاستی هۆزگەرایی دانەمەزرابێت، هەموو ئەو تێبینیانەی کە لە ئاسۆدا سیمایان دیارە وا دەردەکەون گەر بێـت و تەقالیـدی دیموکراتی توندوتۆڵ نەکرێت، ئەم دەوڵەتەش هەر دەبێتە دەوڵەتێکی ئەفریقایی گەندەڵ، چونکە نەوتێکی پڕوچڕی تێدایە، ئەم نەوتەش بەدرێژایی شەش ساڵی ڕابردوو لەنێوان باشوورو باکووردا پێشتر دابەش دەکرا، هەروەها دەڵێـت: دامەزراندنی دەوڵەت لە باشـووری سـودان بەشێك بووە لە ستراتیژیەتی جیهانی و حەزی ئەمەریکیەکان بووە بـۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەسـیحی لەناو کیشوەری ئەفریقیادا، هەروەها پێیوایە داهاتووی ئـەم دەوڵەتـە ئومێدی ئـەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە بە فەرمانڕەوایەتی دیموکراتی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هەمـوان هەبێـت بەتایبەتی لەگەڵ باکووری سـودان و میسـر و جیهانی عەرەبیـدا، تـا ببێتـە ڕەگەزێکـی سەقامگیری لە ناوچەکەو جیهانیشدا.



ئەلبێرت هۆفینز بۆ گوڵان:

# دامەزراندنی کۆماری باشووری سودان سەلماندنی بۆچوونی قەومی و وەحدەی عەرەبی شکستی هێنا

د.ئەلبێرت هۆفینز (Albrecht Hofheinz) کە مامۆستای کەلتوری و دیراساتی ڕۆژهەڵاتییە لە زانکۆی ئۆسلۆ و یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەڵمانیا و لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تائێستا لەسەر پرسی سودان کاردەکات و تازەترین توێژینەوەشی دەربارەی ئیسلامی سۆفیگەرییە لە سودان، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری جیابوونەوەی باشووری سودان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری باشووری سودان، پێوەندیمان پێوەکرد و سەبارەت بە کاریگەری ئەم دەوڵەتە تازەیە د.ئەلبێرت پێیوایە، دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری باشووری سودان سەلماندی کە بۆچوونی قەومیەت و وەحدەی عەرەبی شکستی هێنا، لەبەر ئەوەی ڕژێمی خەرتووم بیرۆکەی بونیادنانی سودانێکی نوێی ڕەتکردەوە کە هەموو لایەك بە یەکسانی پێکەوە بژین، لەم چوارچێوەیەدا و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان د.ئەلبێرت هۆفینز بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.

(لە راستیدا راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری سودان ئاماژەیە بۆ شکستی تێروانینی قەومی وەحدەوی وڵاتە عەرەبیەکان، لەبەر ئەوەی تێروانینی جۆن گەرەنگ و بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری سودان بریتی بوو لە دروستبوونی سودانێکی نوێ بە چەشنێك هەمووان تێیدا مافی یەکسانیان هەبێت و دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا بە چاوپۆشین لە باکگراوندی زمان، ئایین و کەلتوری، بەڵام ئەمە تێروانینە لەلایەن رژێمی فەرمانرەوای سودانەوە رەتکرایەوە، لەبری ئەوە خەرتووم هەوڵیدا ناسنامەیەك بسەپێنێت کە زیاتر لەسەر ئەساسی عەرەب بوون و ئیسلامی بوون بونیادنرابوو، بە چەشنێك ئەم ناسنامەیە ئەو خەڵکانەی لە چوارچێوەی خۆیدا ئاوێتەنەدەکرد کە خەلفیەتی ئایینی و ئیتنی و کەلتوری جیاوازیان هەبووە، واتە وەك هاووڵاتیەکی تەواو مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکرا، لە هەمان کاتدا نایەکسانی ئابووریش هەبوو. لە راستیدا تەمەنی ئەم کێشەیە نزیکەی سەدەیەك بوو، نەك پەنجا ساڵ، واتە سەرەتای ئەم کێشەیە بۆ دوای سەربەخۆبوونی ئەم وڵاتەوە نەدەگەرایەوە، بەڵکو مێژووی ئەو کێشەیە بۆ پێش ئەو سەربەخۆییە دەگەرایەوە. کەواتە هەوڵی بونیادنانی سودان لەسەر ئەساسێکی عەرەبی و ئیسلامی شکستی هێناوە. لەبەر ئەوەی رژێمی حکومران لە خەرتووم ئەو چارەسەرەی هەڵبژارد کە پێی دەوترێت دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بچووك، بە چەشنێك لەو شوێنانە کشایەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەب نین، ئەویش

**ئەگەر وڵاتانی دیکەی وەك عێراق، لوبنان و مەغریب و ئەو وڵاتانەی کەمینەی ئایینی و ئیتنیان هەیە کە جیاوازن لە زۆرینەی وڵاتەکە، ئەگەر ئەم وڵاتانە دەرسی باشووری سودان لەبەرچاونەگرن، ئەوا بەردەوام بەدەست کێشەی ئیتنی و ئایینییەوە دەناڵێنن**



**د.ئەلبێرت هۆفینز**

بۆ ئەوەی پرۆژەی باکووری سودانێکی عەرەبی و ئیسلامی جێبەجێبکات، کەواتە ئەوەی لە باشووری سودان روویدا بە هەمان ئەندازە گرنگ بۆ تێگەیشتن لەوەی لە باکووری سودان روودەدات، لەبەر ئەوەی بەشیر رایگەیاند ئێستا کە باشوور لە وڵاتەکە جیابووەوە، ئەوا زیاتر تەرکیز لەسەر بونیادنانی دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی دەکاتەوە. ئەمە ئەو راستیە فەرامۆش دەکات کە رەنگە کەسانێکی موسڵمانی غەیرە عەرەب هەبن لە سوداندا، وەك دانیشتوانی دارفۆر، کە بۆ چەندین دەیە جیاکاریان لەدژ پیادەکراوە و ناچارکراون چەك هەڵگرن بۆ نارەزایی دەربرین دژی خەرتووم، کەواتە ئەگەر بەردەوام فەرامۆشیان بکات، ئەوا کێشەکان لە باکووری سوداندا بەردەوام دەبێت. ئەگەر وڵاتانی دیکەی وەك عێراق، لوبنان و مەغریب و ئەو وڵاتانەی کەمینەی ئایینی و ئیتنیان هەیە کە جیاوازن لە زۆرینەی وڵاتەکە، ئەگەر ئەم وڵاتانە دەرسی باشووری سودان لەبەرچاونەگرن، ئەوا بەردەوام بەدەست کێشەی ئیتنی و ئایینیەوە دەناڵێنن. بەڵام ئەگەر دەست لەو بەدحاڵیبوونە هەڵبگرن و بەو شێوەیە لە خواستی کەمینەکان بروانن کە هەوڵێکە بۆ بەشداریکردنێکی یەکسان و دادپەروەرانە لە ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، تەنیا ئەو کاتە دەتوانن سوود لە فرەیی و دەوڵەمەندی سەرچاوە مرۆییەکانی ئەم وڵاتانە وەربگرن)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بەبەشداری عومەر حەسەن بەشیری سەرۆك کۆماری سودان وەك دیاردەیەکی سەرسورهێنەر لەمەراسیمی راگەیاندنی کۆماری باشووری سودان، د.ئەلبێرت ئامادەبوونی بەسەرسورمان لە قەڵەم نەدا، بەڵکو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو و وتی:(ئامادەبوونی عومەر حەسەن بەشیر لە جوبا بە هیچ شێوەیەك مایەی سورسورمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر پێش ئەو رووداوە رژێمی خەرتووم رایگەیاندبوو سەربەخۆبوونی باشووری سودان قبووڵ دەکات و ئیعتیرافی پێدەکات، ئەمە لەگەڵ دەق و رۆحی رێککەوتنی نێوانیاندا دەگونجا و هیچ گومانێك نەبوو کە بەشیر خوازیاری ئامادەبوون نەبێت، ئەو ویستی ئامادەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەرچی وڵاتەکە دابەش بووە، بەڵام چەندین مەسەلەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەك پرسی نەوت و سنوور، کە هیچ لایەك خوازیاری ئەوەنیە شەری لەپێناودا هەڵبگیرسێنێت، باکوور خوازیاری درێژەدان بە شەر یاخود هەڵگیرساندنی شەرێکی نوێ نییە، هەر لەبەر ئەمەش سەربەخۆیی باشووری سودانی قبووڵکرد، لەبەر ئەوەی نەیتوانی شەرەکە لە رووی سەربازییەوە یەکلاکاتەوە، بەڵام ئایا ئامادەبوونی بەشیر ئاماژەیە بەکۆتایی تێروانینی عەرەب بۆ سودان، مەرج نییە من هاورابم لەگەڵ ئەمەدا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، چونکە بەو شێوەیە جیابوونەوەی باشووری سودان بۆ خەڵکی باکوور روونکرایەوە، کە خەڵکی باشوور موسڵمان و عەرەب نین و نایانەوێت ببنە موسڵمان و عەرەب و باشترە رێگەیان بدەین جیاببنەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانین عەرەببوون

**کوردستان لێکچوونی هەیە لەگەڵ باشووری سوداندا، لەبەر ئەوەی خاوەنی خەبات و تێکۆشانێکی دوورودرێژە بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ**

و موسڵمانبوونیان بەسەردا بسەپێنین و باشترە کۆششەکانمان چڕبکەینەوە بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت و شارستانیەتی عەرەبی و ئیسلامی لە باکووردا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت خەڵکی باکووری سودان خاوەنی مافی سیاسی یەکسان نابن بە چاوپۆشی لە خەلفیەتی ئایینی و ئیتنیان. کەواتە هێشتا مەترسی ئەوە ماوە حکومەتی سودان هەمان شێوازی ڕابردو بگرێتەبەر کە سەریکێشا بۆ جیابوونەوەی باشووری سودان. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕەنگە بزووتنەوەی جیاخوازی نوێ سەرهەڵبدەدەن یاخود تین و تاو بسەنن. تەنیا ئەو کاتەی خەڵکی باکوور درك بەوە دەکەن دەبێت خەڵکی بە چاوپۆشی لە خەلفیەتی ئیتنی و ئایینیان مافی سیاسی یەکسانیان هەبێت، تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت ڕێگری لە بەردەوامبوونی ناکۆکی ئایینی بگیرێت)).

## جیابوونەوەی باشووری سودان نابێتەهۆی ئەوەی بەرپرسانی بەغدا بڵێن باشە با کوردستانیش سەربەخۆ بێت

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە راگەیاندنی کۆماری باشووری سودان و کاریگەری ئەم دەوڵەتە تازەیە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی دیکە بە تایبەتیش کێشەی کورد بە هەمان شێوەی سودان، د.ئەلبیرت بە مجۆرە رای خۆی بە گوڵان راگەیاند:(پێموانیە راستەوخۆ راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری سودان ببێتە مۆدیلێك بۆ چارەسەری کێشە ئیتنیەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، مەبەستم ئەوەیە تەنیا جیابوونەوەی باشووری سودان نابێتەهۆی ئەوەی بەرپرسانی بەغدا بڵێن باشە با کوردستانیش سەربەخۆ بێت، یان لەبەر ئەوەی باشووری سودان سەربەخۆیی بەدەستهێنا، ئەوا ئێمەش ڕێگە بە سەربەخۆبوونی کوردەکان دەدەین. لە لایەکی دیکەوە پرسی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان پرسێکی تەواو جیاوازە. لە هەمانکاتیشدا من پێموانییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سنوورگەلێکی زیاتر بۆ هەر ناکۆکیەکی ئیتنی بخولقێنێت، چونکە ڕەنگە دروستکردنی دەوڵەتی نوێ چارەسەربێت بۆ هەندێ کێشە کە بێ دروستکردنی ئەم دەوڵەتە ئەو کێشەیە چارەسەرنابێت، لە کاتێکدا ڕەنگە دروستکردنی دەوڵەتی نوێ کێشەی دیکە بخولقێنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە چارەسەرێکی موعجیزەئاسا نییە بۆ هەر کێشەیەکی ئیتنی، بەڵام کاتێك بە بارودۆخی تێکڕای ناوچەکەدا دەڕوانم ئەوە بەدی دەکەم کوردستان لێکچوونی هەیە لەگەڵ باشووری سوداندا، لەبەر ئەوەی خاوەنی خەبات و تێکۆشانێکی دوورودرێژە بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق وڵاتە دراوسێکان تووڕەدەکات، سەربەخۆیی باشووری سودانیش تەنیا ئەو کاتە هاتەدی کە ڕژێمی سودان درکی بەوەکرد، یان بەو بەرئەنجامە گەیشت ڕێگەدان بە جیابوونەوەی باشووری سودان لە بەرژەوەندیاندایە، چونکە بۆ نوخبەی حکومڕانی سودان ئەمە پەیوەست بوو بە چارەنووسی پێگەکانیەوە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو تەحەددیەی پرسی سەربەخۆبوونی باشووری سودان بۆ سیاسییەکانی عەرەبی دروستکردووە ئەوەیە کە ئێستا لە میسردا باسی لێوەدەکرێت، ئەویش دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتیە کە مافی یەکسان بە هاووڵاتیە یەکسانەکان بدات، چونکە ئەگەر ڕێز لە مافی یەکسانی خەڵك گیرا بە چاوپۆشین لە خەلفیەتی ئایینی و ئیتنیان، ئەو کاتە پێویست بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیتنی ناکات. من دەزانم خەونی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە لە هەر دەوڵەتێکدا کەمینە هەن، بۆ نموونە لە میسردا هەمووان هاووڵاتی میسرین، بەڵام لە هەمان کاتدا قیبتیەکانی ئەو وڵاتە هەن کە مەسیحین، لەبەر ئەوە ناکرێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەر گرووپێکی ئیتنی یان ئایینی دروست بکەیت. ئەو ئەزموونەی لە وڵاتانی ئەورووپیدا پیادە دەکرێت بریتی نییە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گرووپە ئیتنیەکان، بەڵکو بریتییە لە ئاسانکاری کردنی هاتوچۆ لەسەر سنوورەکان و پێدانی مافی یەکسان بە هەموویان)).



دان میۆدۆنیک بۆ گوڵان:

# ڕاگەیاندنی کۆماری باشووری سودان سەلماندی گەلان دەتوانن خاوەنی بڕیاری خۆیان بن و دەنگی خۆیان هەبێت




**پرۆفیسۆر دان میۆدۆنیک کە ئوستادی فەلسەفە و سیاسەتی بەراوردکاریی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی هیبرۆ، تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنیە سیاسییەکان و شەڕی ناوخۆ و چارەسەری تەنگژە ئیتنیەکان، سەبارەت بە بایەخی دروستبوونی دەوڵەتی باشووری سودان و کاریگەری ئەم دەوڵەتە لەسەر چارەسەری کێشە نەتەوییە چارەسەرنەکراوەکانی دیکە، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەبڕی.**

(ڕاگەیاندنی کۆماری باشووری سودان سەلماندی گەلان دەتوانن خاوەنی بڕیاری خۆیان بن و دەنگی خۆیان هەبێت، کە ڕەنگە پێویست بەوە بکات ئەم ڕێگەچارەیە واتە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دیکە لە هەندێ شوێنی دیکەدا تەبەنی بکرێت، وەك فەلەستین و هەندێ شوێنی دیکە لە ناوچەکەدا. هەربۆیە ئەگەر لە کێشە و ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە دەست پێبکەین، ئەوا زەمینەی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی بۆ چەندین ساڵ لەبارە، ئەویش بە چاوپۆشین لە کێشەی سودان، لەڕاستیدا لە چەندین ڕووەوە فەلەستینیەکان توانایەکی باشتریان هەیە بۆ گرتنەبەری ئەم ڕێگەچارەیە، ئەویش لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو ئاستێکی باڵای بەرەوپێشچوون و داهات و...تاد هەیە، لە کاتێکدا باشووری سودان وڵاتێکی تا دوا ڕاددە هەژارە و هیچ ژێرخانێکیش لەو وڵاتەدا نییە، کەواتە لە زۆر ڕووەوە دامەزراندنی فەلەستین کارێکی ئاسانتر بوو، بەڵام هۆکاری دانەمەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بۆ چەند هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، وەك پێوەندی فەلەستین بە ئیسرائیل و سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیلەوە. ئەوەی پێوەندی بە پرسی کوردەوە هەبێت، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا باسی تێکرای کوردەکان دەکەین کە بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشبوونە، یاخود باسی کوردەکانی عێراق دەکەین کە ئۆتۆنۆمیان هەیە، یان کوردەکانی سوریا کە دووچاری سەرکوتکاری دەبنەوە، یان کوردەکانی تورکیا کە دەست کراوە بە چاکسازی لەو وڵاتەدا. پرسیاری ئەوەی ئایا دابەشبوونی سودان و دروستبوونی دەوڵەتی باشووری سودان دەکرێت ببێتە مۆدێلێك بۆ کوردستان، ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ئاماژە بوو بەوەی دابەشبوونی وڵاتێك کارێکی مومکینە، چونکە ئەمە یەکەمجار نییە دەوڵەتێك دابەش دەبێت و دەوڵەتێکی نوێ دروست دەبێت. ئەگەرچی ئەمە شتێکی باو نییە، بەڵام هەندێ جار ڕوودەدات، وەك دابەشبوونی یوگسلافیا و هەندێ وڵاتی دیکە. ئەمە بە مانای ئەوەنییە دابەشبوون تاکە ڕێگەچارە و و هەمیشە باشترین چارەسەرە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی ئیتنی و بۆ گوزارشتکردن لە خواستی گرووپێکی ئیتنی، واتە دەبێت ئەم بڕیارە لەلایەن خودی خەڵکەکەوە بدرێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئیختیاری جیاوازیان لەبەردەمدا بێت و ئەوان خۆیان بڕیاربدەن و ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرن، بۆ نموونە دەبێت ئەو پرسیارە لە کوردەکان بکرێت ئایا خوازیاری ئەوەن لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، واتە دەبێت دەرفەت بە خەڵك بدرێت خۆیان بڕیار بدەن، نەك ئەمە وەك تاکە ڕێگەچارە بخرێتەڕوو.))



**دان میۆدۆنیک**



# بەردەوامبوونی ناکۆکیە سیاسییەکان ئاییندەی حکومەتی عێراق دەخاتە مەترسیەوە



ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی نەیانەوێت خاڵەکانی رێککەوتنی هەولێر کە لە ئاکامی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە، جێبەجێ بکەن، ئەوا تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بازنەی یەکەم، کە ئەویش بازنەی لێکتێنەگەیشتن و بەردەوامی کێشە و ناکۆکیەکانە بۆ دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەمی پرۆسە سیاسییەکە بەگشتی و کارو چالاکیەکانی حکومەتی عێراق بەتایبەتی، هەربۆیە لەم روانگەیەوە کێشە و ناکۆکیە سیاسییەکان لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێککەوتنی هەولێر و دواتریش نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، دەرگای بەڕووی هەموو ئەگەر و مەترسیەکان والاکردووە و وەك هەندێك لە پسپۆر و تایبەتمەندان لەسەر رەوشی عێراق پێشبینی دەکەن لەوانەیە بگەینە ئاکامێك کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکرابێت یان چاوەڕوان نەکرابێت، سەبارەت بەم رەوشە د.فەرهاد ئەتروشی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی سەبارەت بەم بارودۆخە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو وتی:(بە بۆچوونی من ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات، ئەوا عێراق بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز و مەترسیدار دەڕوات، ئەو کاتیش چارەسەری کێشەکان ئەستەم دەبێت و ئەو کێشانەی پێویستە چارە بکرێن ناکرێت و پرسی بێ متمانەیی لە نێوان لیستی عێراقیەو دەوڵەتی یاسا قووڵتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و پێکهاتەی دەوڵەت چارەکردنی زەحمەت دەبێت، پێکهاتەی نوێی فیدراڵیەت لە عێراق لە ژێر مەترسی دایە، چونکە بینیمان لە چەند رۆژی رابردوو لەسەر لێدوانێکی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەسەر پرسی پێکهێنانی هەرێمێکی نوێ جۆرە وەڵامدانەوەو دژایەتیەکی گەورەی کرا بە تایبەتیش لەلایەن شیعەکانەوە و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق)).

سەبارەت بە بەردەوامبوونی تەنگژەکان ئایا هیچ جۆرە مەترسیەك لەسەر داهاتووی حکومەتی عێراق نابێت، ئەتروشی وتی:(بە تەئکید ئاییندەی حکومەتی ئێستای عێراق لە مەترسی دایە، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەك بڕوات نەخشەی سیاسیی وڵات دەگۆڕێ و تەحالفی نیشتمانی بەم شێوەیە نامێنێت، بە تایبەتیش لیستی عێراقیەش

بەم جۆرەی ئێستا نامێنن، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە جیابوونەوەی چەند ئەندامێکی نێو لیستی عێراقیەو پێکهێنانی لیستێك بەناوی یەکگرتووی عێراق ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە نەخشەی سیاسیی عێراق لە گۆڕاندایە، مەترسییەکی دیکەش لەنێو هاوپەیمانی نیشتمانی گرفتی تێدەکەوێت، ئەویش ئەوەیە لەنێوان تەیاری سەدری و ئەنجومەنی باڵاو دەوڵەتی یاسا کێشەیان هەیە، هەنگاونان بەرەو بەردەوامی بوون لە جیابوونەوەی لایەنەکانی نێو هاوپەیمانەکان هەموو نیشانەی ئاییندەی حکومەتی عێراقیش وەکو کابینەکەی ئێستا بە سەرۆکایەتی د.مالیکی لە دۆخی سەقامگیربوون دا نییە)).

دەربارەی جێبەجێ کردنی خاڵ بە خاڵی دەست پێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە لە ئاڵۆزترین دۆخی سیاسیی دا توانرا بەو هۆیەوە لایەنە ناکۆکەکان بگەنە ڕێککەوتن و حکومەتی ئێستای عێراقی لێ پێکهات، فەرهاد ئەتروشی وتی:(بێگومان لە ئێستادا کۆدەنگییەك هەیە لەلایەن سەرکردە و لایەنە عێراقیەکانەوە، بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی لەنێو دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی کوردستاندا هەبوو بێتە جێبەجێکردن، بە جێبەجێکردنیشی ناکۆکیە سیاسییەکان چارە دەبن و دۆخی وڵاتیش بەرەو ئاسایی بوونەوە دەڕوات، لەگەڵ ئەوەش دا پێموایە ئێستا دەبێت بە یەکسانی سەیر و پشتگیری لە هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقیە بکەین لەم قۆناغەدا، لەبەر ئەوە بە جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی کوردستان دەبێتە هەوێنی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەموو چاوەکانیش لە سەر ئەوەن جارێکی دیکە جەنابی سەرۆك بارزانی رۆڵی پۆزەتیف و ئەرێنی خۆی لە بەیەکگەیاندن و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەپێناو بەرژەوەندی عێراق و داهاتووی ئەو وڵاتەدا ببینێت)).

ئەوەی ئەتروشی ئاماژەی پێکرد کۆمەڵێك مەترسین ئەگەر پێشیان پێنەگیرێت، ئاییندەی عێراق دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە پرسیار لێرەدا دەبێتە ئەوەی ئایا لیستی دەوڵەتی یاسا کە ئێستا سەرۆکەکەی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقە هەست بەم مەترسیە دەکات؟ ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی پەرلەمانتار عەلی شەلا لە لیستی دەوڵەتی یاسا کردەوە و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ خستینەڕوو: (لەسەرەتادا من پێموایە کە ئەم ناکۆکیانە بەشێکی سەرەکییە لە قۆناغی گواستنەوەی



د.فەرهاد ئەتروشی:

## ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەک بڕوات عێراق بەرەو دۆخێکی ئاڵۆز و مەترسیدار دەڕوات، چارەسەری کێشەکان ئەستەم دەبێت و بێ متمانەیی لەنێوان لیستی عێراقیەو دەوڵەتی یاسا قوڵتر دەبێتەوە

هەر وڵاتێك کە زۆری چێشتبێت لەژێر ستەمی دیکتاتۆریەت، هەروەها کێشە و گرفتی قووڵی هەبێت لەڕووی دیموگرافیا و پێکهاتەکان و ناسنامەی دەوڵەت. هاوکات سەرچاوەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتورێکی ناسەقامگیر لەبارەی شێوەی حکومەت، هەروەها بەهۆی بوونی ئایدیۆلۆژیای جیاواز کە بێگومان ئەم شتە لەهەموو وڵاتەکاندا هەیە، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ «عێراق» شتێکی نوێیە لەبەرئەوەی «عێراق» ماوەیەکی کەمە لە دیکتاتۆرییەت دەرچووە، هەربۆیەش بارودۆخەکان هێشتا سەقامگیرییان بەخۆیانەوە نەبینیوە، هەروەها پارتە سیاسییەکانیش جاری نوێن لە کاری پەرلەمانی. ئەو کێشەیەی کە ئاماژەتان پێدا، پێموایە ئەوە شتێکی پێشبینیکراوە بەتایبەتی لەم جۆرە بارودۆخانەدا، لەئاکامیشدا گرژییەکی میدیایی سەریهەڵدا، بەڵام لەڕووی حکومی یان لەڕووی پراکتیکییەوە هەوڵی هاوبەش هەیە لەلایەن حکومەت و وەزیرەکانی لیستی «عێراقیە»، هاوشێوە لەگەڵ وەزیرەکانی «هاوپەیمانی کوردستانی» و وەزیرەکانی «هاوپەیمانی نیشتمانی» و هەموو وەزیرەکانی تر بە عەقلییەتی حکومەت کاردەکەن نەك بە عەقلییەتی ناکۆکییەکان، هەموو لایەنەکان هەماهەنگ و هاوکاری یەکترین لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکان)).

عەلی شەلا لەگەڵ ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە لایەنەکان پێکەوە لەناو حکومەت هەماهەنگن، بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان ئەیاد عەلاوی و مالیکی مەترسی لەسەر حکومەتی لێدەخوێنرێتەوە، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا شەلا وتی:(باوەڕناکەم هیچ مەترسییەك لەسەر حکومەت هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر بەڕێز «ئەیاد عەلاوی» بڕیاری کشانەوەش بدا، ئەوە ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەستە بە خودی «ئەیاد عەلاوی»، ئەو هیچ پۆستێکی حکومیی نییە، لەوانەیە لەم هەلومەرجەدا تەنیا یەك وەزیر دووچاری ئیحراجبوون بێت، ئەویش بەڕێز «محمد عەلاوی»ە، بەڵام لەو بڕوایەدانیم وەزیرەکانی تر بکشێنەوە، ئەگەریش هات و بەڕێز «ئەیاد عەلاوی» بڕیاری کشانەوەی-دا، ئەوکات پێموایە گرژییەکانی نێو لیستی «عێراقیە»ش هێوردەبێتەوە، بەڵام من پێموایە کە بەڕێز «ئەیاد عەلاوی» زۆر لەوە زیرەکترە کە ئەم جۆرە کارانە بکات. ئەم جۆرە هەڕەشانە لە پرۆسەی سیاسی شتێکی ئاساییە و بەلای هەموومانەوە ئاشکرایە و ئێمە تێی دەگەین، هەروەها هەرگیز لەم بارەیەوە هەست بە نیگەرانی ناکەین لەبەرئەوەی چەندین جار دووبارەبۆتەوە و هەرگیز جێبەجێ نەبووە، ئەگەر لەبیرتان مابێت لە خولی پێشوودا کە بۆ یەکەم جار ئەم شتە روویدا هەموویان پشتیان لە بەڕێز «ئەیاد عەلاوی» کرد و حکومەتیش بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی)).

سەبارەت بەناکۆکیەکانی نێو پێکهاتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقیش، دیسان عەلی شەلا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە هیچ کێشەیەك لەنێو هاوپەیمانی نیشتمانی نییە و لەمبارەوە بەگوڵانی راگەیاند:(پێش هەمووشتێك هیچ کێشەیەك لەنێوان «ئەنجومەنی باڵا» و پێکهاتەکانی دیکەی «هاوپەیمانی نیشتمانی» نییە، بەتایبەتی ئەگەر مەبەستتان کێشەیە لەگەڵ «دەوڵەتی یاسا». پێوەندیەکانمان لە ئاستێکی نایاب-دایە و ئەم شتەش رەنگدانەوەی هەبوو لە دەنگدانەکە لەسەر «شێخ مەولا» کاتێك کە «ئەنجومەنی باڵا» دەستنیشانیکرد بۆ سەرۆکایەتی دەستەی «حەج»، ئێمە بە چاوێکی پڕ لەڕێز سەیری هەموو ئیستیحقاقاتەکانی «ئەنجومەنی باڵا» دەکەین، پێوەندییەکانمان لەگەڵ «سەید عەمار حەکیم» نایاب-ە و پێوەندییەکانمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆك وەزیران-یش لە ئاستێکی نایاب-ە، تاکو ئەمڕۆش هیچ کێشەیەك نەکەوتۆتە نێوانمان بەشێوەیەك کە ناوی بنرێت



موتەشەر سامەرائی:

# ئێمە وەکو پارێزگاکان داواکارین بەپێی دەستوور کاروبارەکانی خۆمان بەڕێوەبەرین و عێراق بگوازینەوە لە حوکمڕانییەکی مەرکەزییەوە بۆ حوکمڕانییەکی نامەرکەزی

وەکو ناکۆکییەك لەنێوان «ئەنجومەنی باڵا» و پێکهاتەکانی تر، لەوانەیە هەندێك جیاوازی هەبێت لەناو «ئەنجومەنی باڵا» یاخود لەناو «دەوڵەتی یاسا» یانیش لەناو «هاوپەیمانی کوردستانی»، مەبەستم ئەوەیە کە لەوانەیە بۆچوونی جیاواز هەبێت لەسەر هەندێك لە مەسەلە پێوەندارەکان بە کاروبارەکانی دەوڵەت، تەنانەت لەبارەی بیرۆکەی هەرێمەکان-یش، ئێمە لە روانگەی دەستوورییەوە و بە رێزێکی زۆرەوە سەیری ئەم شتانە دەکەین، دەستوور-یش یەکلاکەرەوەیە لەنێوان هەمووان)).

**نکۆڵی کردن لەکێشەکان چارەسەر نییە**

ئەوەی پەرلەمانتارانی لیستی دەوڵەتی یاسا ئاماژەی پێدەکەن کە کێشەکان کاریگەریەکی ئەتۆیان نییە لەلایەن پەرلەمانتارانی لیستەکانی دیکە بە جۆرێکی دیکە تەفسیری بۆ دەکرێت، هەربۆیە لەمبارەوە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە ئەسکەندەر جواد توت کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:(لەڕاستیدا رێکنەکەوتنی قەوارەکان، بەتایبەتی سەرکردەی هەردوو قەوارەی دەوڵەتی یاسا و ئەلعراقیە، کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراق بەشێوەیەکی گشتی هەبووە و هەر گرژییەك لە پێوەندییەکان کاریگەریی نێگەتیڤانەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵێ دروستە، ئێمە بە قۆناغێکی زۆر سەخت تێدەپەڕین، عێراق لە بارودۆخێکی زۆر زۆر سەخت و هەستیارە، بۆنموونە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، دەستێوەردانەکانی دەوڵەتانی دراوسێ، وایکردووە عێراق بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بێت و ئەمە شتێکی زۆر ترسناکە، هەندێك لە وڵاتانی دراوسێ سنوورەکانمان دەبەزێنن و وەکو دەسکەوتێك سەیری عێراق دەکەن، ئەم شتەش دروست نییە. بۆیە هیوادارم لە سەرۆك قەوارەکان ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم لایەنانە لەبەرچاو نەگرن ئەوکات ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە لەسەر عێراق. هەربۆیە هیوادارین تەوافوقی بەردەوام لەئارادا هەبێت، پێویستە پەرلەمان خاوەن کاریگەریی خۆی بێت لەبەرئەوەی پەرلەمان نوێنەری گەلە، هاوکات حکومەتیش حکومەتێکی هەڵبژێردراوە، بۆیە پێویستە تەوافوق هەبێت لەنێوان حکومەت و پەرلەمان، هاوکات دەستوورمان هەیە و دەسەڵاتی هەموو لایەنێکی دیاریکردووە. پەرلەمان خاوەن دەسەڵاتێکی تەشریعی و چاودێریە لەسەر هەموو کەسێك هەر لە سەرۆکایەتیی کۆمار-ەوە تا دەگاتە بچووکترین کەس. ئەگەر بێت و تەوافوقی دوولایەنە لەئارادا هەبێت، ئەوکات سوود بە هەموو لایەك دەبەخشێت، بەپێچەوانەشەوە زیان بەهەموو لایەك دەگەیەنێت)).

هەر سەبارەت بەم لایەنە و هەستکردن بەمەترسیەکان، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستانی موحسین سەعدون جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەو مەترسیانە هەڕەشە لە تەواوی پرۆسە سیاسییەکە دەکەن، ئەگەر هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان نەدەین، ئەوا پرۆسە سیاسییەکە بە ئاقارێکی خراپدا دەبات، لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان موحسین سەعدون وتی:(ئەو کێشانەی هەیە دەکرێت بە جێبەجێکردنی تەواوی بەندو خاڵەکانی دەستپێشخەرییەکەی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان چارەسەری ئەو کێشانەی ئێستا لە عێراق هەیە ببێت، هەموو ناکۆکیەکانیش لەسەر ئەنجومەنی باڵایە بۆ سیاسەتی ستراتیجی باڵاو وەزارەتە ئەمنیەکانەو پۆستەکانی نێو حکومەتی عێراق، لەبەر ئەوە بەردەوامبوونی ئەو ناکۆکیانە پرۆسەی سیاسیی بەرەو ئاقاری خراپ بردووە، راستە کێشانەکان ماوەیەکە درێژەی هەیە، بەڵام کێشەکان هێندە ئاڵۆز نییە کە نەتوانرێ چارەسەر بکرێت، بۆیە ماوەیەکی دەوێت چارەسەری گرفتەکان بکرێت)).

سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی



عەلی شەلا بۆ گوڵان:

# لەنێو هاوپەیمانی نیشتمانی هیچ کێشەیەک نییە و ئەیاد عەلاویش بکشێتەوە تەنیا خۆی زەرەر دەکات لەبەر ئەوەی هیچ پۆستێکی نییە

ئەم کێشانە و رێگرتن لە دروستبوونی ئاستەنگ و مەترسیش لە بەردەم پرۆسە سیاسییەکە، پرسیارمان لە موتەشەر سامەرایی پەرلەمانتاری تەوافوق کرد لەناو لیستی ئەلعراقیە و لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئایا پاش ئەو هەموو کاریگەرییەی ناکۆکیەکان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەستی پێدەکەین، دەپرسین کاریگەریی دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی یان نا؟ بێگومان کاریگەریی هەیە و ئەوە روون و ئاشکرایە و بەلای هەموو کەسێکەوە زانراوە کە بەدواداچوونی لەسەر رەوشی عێراق دەکات. بچووکترین نموونە، ئەوە یەك ساڵ تێپەڕییە، بەڵام تاکو ئەمڕۆش حکومەتی عێراقی نەیتوانییە دوو وەزیر دەستنیشان بکات بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ کە پەیوەستن بە هەرە گرنگترین لایەن لە بارودۆخەکانی عێراق. لە دوا کۆبوونەوەدا دیاربوو گرژییەکە جۆرە کرانەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە. هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەو کێشانە چارەسەر بکەین چارەسەرەکەی ئەوەیە رەزامەندبین لەسەر ئەو شتانەی کە لەسەری رێککەوتووین و دەستوور-یش لەم بارەیەوە روونە، لە دەستوور-دا هاتووە کە پەرلەمان لایەنێکی تەشریعی و چاودێریە، ئەگەر بێت و پەرلەمان هەر یاسایەك دەربکات ئەوکات پێویستە لەسەر حکومەت ئەو یاسایە



موحسین سەعدون:

# دروستکردنی هەرێمەکان پرسێکی دەستوورییە و حکومەت ناتوانێت داواکاری پێکهێنانی هەرێمی سەربەخۆ ڕەتبکاتەوە یان جێبەجێی نەکات



جێبەجێ بکات لەبەرئەوەی حکومەت دروستکراوی پەرلەمانە، بۆیە لەسەرەتا و لەکۆتاییشدا پێویستە رای پەرلەمان باڵاتر بێت)).

### ڕەتکردنەوەی هەرێمەکان گەڕانەوەیە بۆ مەرکەزیەت و پێشلکردنی دەستووریشە

ڕەتکردنەوەی دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە پێشێلکارییەکی گەورەی دەستووری عێراقە و هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بەرەو مەرکەزیەت، لەم بارودۆخەدا کە بانگێشە بۆ دروستکردنی هەرێمەکان بۆتە خواستی تەواوی عێراقیەکان، ئەوا هەموو پێکهاتەکان بەتوندی ئەو ڕەتکردنەوەیەی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕەتدەکەنەوە، دەربارەی ئەم پرسە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە ئەسکەندەر جواد پێی وایە پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت، بۆچی پارێزگاکان داوای ئەوە دەکەن ببن بەهەرێم؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە لەبەر ئەوەی حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان شکستی هێناوە، لەم بارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند:(سەبارەت بە مەسەلەی هەرێمەکان، هەموو پارێزگایەك مافی هەیە داوای پێکهێنانی هەرێمێك بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بۆچی ئێستا ئەو پارێزگایانە داوای پێکهێنانی هەرێم دەکەن؟ بێگومان هۆکار لە پشت داواکارییەکانی ئەو پارێزگایانە هەیە، لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و تەرخانە داراییەکان و لەگەڵ چەندین لایەنی تر، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی حکومەت سەرکەوتوو نەبووە و پارێزگاکان دەیانەوێت دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتیانە پڕبکرێنەوە)).

بەڵام موتەشەر سامەرایی ڕەتکردنەوەی سەرۆك وەزیران بە گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت و پێشلکردنی دەستوور ناو دەبات و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(ئەگەر ئێمە لەسەر هەر مەسەلەیەك ناکۆك بین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەستوور. بۆیە ئەگەر مەسەلەکە لە دەستوور باسکرابێت ئەوکات مەسەلەکە دەبێت بە سەرپێچییەك لە دەستوور و کاریگەریی نێگەتیڤانەی لێ دەکەوێتەوە. وێڕای هەموو جیاوازییەکانمان لەسەر دەستوور، بەڵام لەکۆتاییدا دەستوور دوا مەرجەعە کە دەتوانین لەسەری ڕێککەوین. بۆیە ئەگەر هات و هاووڵاتیان داوای بڕگەیەکیان کرد کە لە دەستوور هەیە و کە ئێمە لەسەری ڕێککەوتووین، پێموایە ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە شتێکی نادروستە، ئەمە لەلایەك، لەلایەنێکی ترەوە، پێویستە بپرسین، ئایا بۆچی ئێستا هەندێك لە پارێزگاکان دەستیان بە داواکاری کردووە بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان؟ ئەگەر ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شەقام و هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکەین لەو پارێزگایانەی کە داواکارن بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان، تەنانەت گەر لە ناوەڕاستی عێراق بێت یاخود لە باشوور، لە وەڵامدا پێت دەڵێن، یەکەم خاڵ: ئێمە بە دەستی مەرکەزییەتەوە دەناڵێنین، لەبەرئەوەی ئەو نامەرکەزییەتەی کە دەستوور باسی دەکات ئەمڕۆ ونبووە و بوونی نییە، بۆیە داواکارین ئێمە وەکو پارێزگاکان بەپێی دەستوور کاروبارەکانی خۆمان بەڕێوەبەرین و عێراق بگوازینەوە لە حوکمڕانییەکی مەرکەزی بۆ حوکمڕانییەکی نامەرکەزی. لەم بارەیەوە نموونەی زۆر هەیە، بۆنموونە سامانەکان بەشێوەیەکی ناعادیلانە دابەشدەکرێت و بەوپێیە نییە کە لە دەستووردا هاتووە لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی سەرچاوەکان، لەدرێژایی ساڵانی رابردوودا چەندین پارێزگا هەن کە بێبەش بوونە لە ئیستیحقاقاتەکانیان، لەکاتێکدا چەندین پارێزگای دیکە لە ئیستحقاقاتەکانی خۆیان زیاتریان وەرگرتووە، هاوکات هەموان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە گەندەڵی تەشەنەی کردووە لە جەستەی حکومەتی عێراقی، ئەم شتەش بارەکە ناخۆشتر دەکاتەوە. بۆیە هەر لایەنێك کە هاوڕانیە لەگەڵ ئەو داواکارییانەی کە بەپێی دەستوورن،



ئەسکەندەر جواد:

# داواکاری بوون بە هەرێم ئاماژەیە بۆ ئەوەی حکومەت سەرکەوتوو نەبووە و پارێزگاکان دەیانەوێت دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتیانە پڕبکرێنەوە



ئەوکات پێویستە لەسەری هەڵستێت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەگەریش لەگەڵ بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمەکان نییە، ئەوکات بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە ٢١ پێویستە دەسەڵات بەو پارێزگایانە ببەخشێت کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکان دەکەن و حوکمڕانییەکە بگۆڕێت لە مەرکەزییەتەوە بۆ نامەرکەزی)).

موحسین سەعدونیش پەرلەمانتاری هاوپەیمانی کوردستان لەمبارەوە لە درێژەی لێدواکەیدا سەبارەت بەم پرسە بە گوڵانی ڕاگەیاند و وتی:(لە ئێستادا لە زۆرێك لە پارێزگاکانی عێراق داواکاری پێکهێنانی هەرێمی نوێیان خستۆتەڕوو، ئەم پرسەش پرسێکی دەستوورییە و لەچوارچێوەی دەستووری عێراق دایەو حکومەت ناتوانێت داواکاری پێکهێنانی هەرێمی سەربەخۆ جێبەجێ نەکات، چونکە ئەم داواکارییە و پرسی فیدراڵیەت هەڵقوڵاوی گەلانی عێراقە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا لە هەندێك ناوچەی ناوەڕاست و باشووری عێراق ژمارەیەك هەرێمی نوێ لە عێراق بێتە دامەزراندن، پێموایە دامەزراندنی هەر هەرێمێکی سەربەخۆ لە عێراق لە بەرژەوەندی گەلانی عێراق دایەو دەبێتە هەوێنێکیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای وڵات کە چەند ساڵێکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە)).

بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا کە بیانو و پاسا و دەهێنێتەوە بۆ دروستکردنی هەرێم رایدەگەیەنێ ئەوانیش دژی دروستکردنی هەرێمەکان نین، بەڵام لە بارودۆخی ئێستا ناتوانرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت، لەمبارەوە عەلی شەلا بەمجۆرە هەڵوێستی دەوڵەتی یاسای روونکردەوە و وتی:(ئێمە وتوومانە و هەمیشە دەیڵێینەوە، کە ئێمە ڕێز لە دەستوور دەگرین و ڕێز دەنوێنین بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لەسەر بنەمای جوگرافی، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین خودانەخواستە پاکتاوی رەگەزی لە عێراق رووبدات، کاتێکیش کە بەڕێز «نوجەیفی» لەم بارەیەوە دوا و هەڕەشەی جیابوونەوەی کرد، ئێمە وتمان و ئێستاش دەیڵێینەوە، کە رەوشی ئەمڕۆی ئابووری لە عێراق لەوانەیە ببێت بەمایەی وروژاندنی هاووڵاتیان، پەنا بەخودا لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئەگەر توانیمان سامانەکانی وڵات بخەینەگەڕ و نرخی نەوت روو لە زیادبوون بکات و تێپەڕین لە قۆناغی قەرزەکانی دیکتاتۆر و ئاسەواری رەفتارە دڕندەکانی، وێڕای چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبارەی قەرزەکانمان، ئەوکات پێموایە عێراق شێوە کارگێڕییەکەی وەردەگرێت بەپێی هەرێمی جوگرافی یانیش بەپێی پارێزگاکان لەگەڵ ڕێز نواندن بۆ هەموو ئەزموونەکان. ئەوەی کە بە هەڵە تێگەیشتنی لەسەر هەیە ئەو دەنگۆیەیە کە ئێمە لە «دەوڵەتی یاسا» لەدژی چەمکی هەرێمەکان-ین، ئێمە ناتوانین دژایەتی ئەم پرەنسیپە بکەین لەبەرئەوەی ئەمە بنەمایەکی دەستوورییە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لایەن لە میدیاکان بەو شێوەیە لە مەسەلەکە تێگەیشتوونە، بەڵام ئێمە هەمیشە لەڕووی واقیع و کێشەکان قسەدەکەین، پرسیارەکە ئەوەیە کە هەندێك لە پارێزگاکان کە لە چەند سامانێکی سادە شکستیان بەدەستهێنا و کە شکستخواردوو بوون لە دابینکردنی هەندێك لە خزمەتگوزارییەکان، ئایا دەکرێ ئەم پارێزگا-یانە بکرێن بە هەرێم؟ ئەوەی کە نەتوانێت پارێزگایەك بەڕێوەبەرێت، ئایا دەتوانێت هەرێمێك بەڕێوەبەرێت؟)).

بەهەرحاڵ لیستی دەوڵەتی یاسا هەر چۆنێك هەوڵبدات لێدوانە هەڵەکەی سەرۆك وەزیران پینە بکات هیچ کەسێك قەناعەت بەو پینە کردنە ناکات و ئەو کێشانەشی پەرلەمانتارەکەی لیستی دەوڵەتی یاسا ئاماژەی پێدەکات، تەنیا بە پێکهێنانی هەرێمەکان و پیادەکردنی فیدراڵی چارەسەر دەبن، نەك چاوەڕێی ئەوە بین ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن ئینجا بیر لە پیادەکردنی فیدراڵیەت بکرێتەوە.

# وەڵامێک لە لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمەوە بۆ چەندین تۆمەتی هەڵبەستراوی ناو ڕۆژنامەی هاوڵاتی

•••

**پرۆژەی گوندی زەیتوون کە(١٠٠٠٠)دە هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون، تەنیا ٢٨٠٠ یەکەی نیشتەجێ دروست کراوە، بۆیە دەبێ خاوەنی پرۆژەکە ٥٠٠ شوقە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بەبێ بەرانبەر دروست بکات**

•••

**لە سلێمانیش بە پێڕەوکردنی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم چەندین پرۆژەی موساتەحە هەڵوەشێنراونەتەوە**

•••

**لە چوارچێوەی ئیجرائاتەکاندا هەردوو پرۆژەی ئارام و ئیتاڵی ٢ هەڵوەشێندران، لەبەر ئەوەی دەستیان بەکار نەکردبوو و پێشنیازکراوە شوێنی دیکەیان بۆ تەرخان بکرێت**

•••

**لیژنەکەمان ڕای خۆی بەو جۆرە خستۆتەڕوو کە پرۆژەی فلۆریا لە وەبەرهێنەر وەربگیرێتەوەو بدرێتەوە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون و بۆ خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەت بەکار بهێنرێت**

•••

**گرێبەستی پرۆژەی شاری بەفرین ساڵی پار لە لایەن دەستەی گەشتوگوزارەوە هەڵوەشێنراونەتەوە**

لە درێژەی ئەو هەڵمەتە ناڕەوایەی لە دژی پرۆسەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێم لە ئارادایە، ماوەیەکە هەندێ ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێم، زانیاریی ناڕاست و ناتەواو لەسەر ئەنجامی کارەکانی لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێم بڵاو دەکەنەوە، هەر وەک لە لاپەرەی یەکەمی ژمارە ٧٤٦ ی ڕۆژی چوارشەمە ٢٠١١/٧/٦ ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا، بابەتێک بڵاوکراوەتەوە کە کۆمەڵێ زانیاریی دوور لە ڕاستی لەخۆدەگرێت. گومان لەوە دەکرێت کە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئەو کەسانە بن کە لە ڕێکارەکانی ئەم لیژنەیە زیانیان پێگەیشتووە، بۆیە زانیاریەکانیان بە مەبەست و بە شێواوی داوەتە ئەو ڕۆژنامەیە.

لێرەدا بۆ ڕای گشتی ڕایدەگەیەنین کە تەواوی ئەو زانیاریانە دوورن لە ڕاستی و لەگەڵ ئاراستە و پێوەرەکانی پرۆژەکەی جەنابی سەرۆک ناگونجێن، چونکە سەرۆکی هەرێم لەم پرۆژەیەیدا تەنیا ئامانجی سەروەریی یاسایەو کەس لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەشدا لە ڕێکارە یاساییەکان بەدەر ناکرێت. بە پێچەوانەی مانشێتەکەی ڕۆژنامەی ئاماژە پێدراویش، سەرۆکی هەرێم لێپێچینەوەی لە کەسانی نزیکی خۆیەوە دەست پێکردووە.

لە وەڵامی ئەو چەواشەکاریانەدا ئەم ڕوونکردنەوەیە لەسەر ئەو پرۆژانە دەخەیە ڕوو کە لە ڕۆژنامەی ئاماژەپێدراودا ناویان هێنراوە:

● **پرۆژەی گوندی زەیتون:**

ئەم پرۆژەیە هی کەسێک بووە کە بە نزیک لە سەرۆکی هەرێم هەژمار دەکرێت و ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە بەڵام ڕۆژنامەکە وای باس کردووە وەک ئەوەی ئیجرائاتەکان ڕەوا نین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە پێی ئەم پرۆژەیە دەبوایە ١٠٠٠٠ دەهەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت، بەڵام خاوەنی پرۆژەکە لە چەندین خاڵی گرێبەستەکە و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان لایداوە. بۆیە دەبوایە گرێبەستەکەی بە پێی یاسا هەڵبوەشێتەوە، بەڵام نزیکەی ٢٨٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن هاوڵاتیانەوە کڕا بوون و چەند قۆناغێکی قیستیان وەرگیرابوو، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئەو هەموو هاوڵاتییە، تەنیا ئەو بەشەی پرۆژەکە ماویەوەو گشت زەوییەکانی دیکەی لێسەندرایەوە. هەروەها خاوەن پرۆژەکە پابەندکرا بە دروستکردنی ٥٠٠ شوقەی نیشتەجێبوون بە بێ بەرامبەر بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کە

حکومەت شوێن و چۆنیەتی ئاوا کردنیان دیار دەکات. ئەم ڕێکارانەش تەواو یاسایی بوونە و پێشنیاری دیکەش بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی کەمتەرخەمی ناو دامودەزگا حکومیەکانی پەیوەست بەم پرۆژەیە خراوەتە ڕوو، کە لایەنە پێوەندارەکان بە جێبەجێکردنی هەڵدەستن.

● **پرۆژەکانی زین، گوندی ئیتاڵی ٢ و گوندی ئارام:**

هەرسێ پرۆژەکە لە گرفتێکدا هاوبەشبوونە، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی کەمتەرخەمیی وەزارەتی شارەوانی، لەسەر زەوییەکی میریی کە بۆ دامودەزگاکانی تەرخان کراوە، شوێنیان بۆ دەستنیشان کراوە. هەردوو پرۆژەکانی ئیتالی٢ و ئارام بە تەواوەتی لە بەشی باشووری ئەو زەوییە میرییە دانرابوون و نزیکەی نیوەی پرۆژەی زینیش خزێنرابووە ناو بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی زەوی ئاماژەپێکراو. ئەم زەوییە بە گشتی لە ناو دەواجنەکانی ئەحمەد ئیسماعیل بووە و بە پێی ماستەرپلان چیتر ئەم شوێنە بۆ دەواجن ناشێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا ماوەیەک بۆ بەسەرچوونی گرێبەستی دەواجنەکان مابوو خاوەنی پرۆژەکە لاریی هەبووە بۆ دانانی پرۆژەی نیشتەجێبوون لەم شوێنە، پێشتریش ٥ پرۆژەی لەوجۆرە بۆ بەشی باکووری ئەو شوێنە پێشنیارکرابوون کە بەهۆی نارەزایی ئەحمەد ئیسماعیل لادرابوون، بەڵام دواتر خۆی ڕەزامەندیی تەنیا بۆ پرۆژەی زین دابوو و لایەنە حکومیەکانیش لارییان نەبووە، بەڵام نەدەبوایە بەشێکی ئەو زەوییە بکەوێتە ناو زەوی میری. پرۆژەی زین لە رووی ڕێکارە یاساییەکان ومۆڵەتی وەبەرهێنان گرفتی نەبووە، بەڵام لە رووی دیارکردنی سنووری زەوییەکە گرفتی هەبووە، پرۆژەی گوندی ئارامیش لە رووی مۆڵەت وڕێکارەکان گرفتی نەبووە بەڵام کۆی ڕووبەرە تەرخانکراوەکەی لە ناو زەویی میری بووە. پرۆژەی گوندی ئیتالی٢ تەنیا بریاری تەرخانکردنی زەویی هەبووە و هێشتا مۆڵەتی وەبەرهێنانی وەرنەگرتبوو. لە چوارچێوەی ئیجرائاتەکاندا هەردوو پرۆژەی ئارام و ئیتاڵی٢ هەڵوەشێندران لەبەر ئەوەی دەستیان بەکار نەکردبوو و پێشنیار کراوە شوێنی دیکەیان بۆ تەرخان بکرێت، واتا مۆڵەتەکەیان بەردەوامە، تەنیا شوێنی زەوییان دەگۆڕدرێت. بەڵام پرۆژەی زین دەستی پێکردبوو و لە کۆی ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون زیاتر لە ٩٨٠ یەکە فرۆشرابوو و کاری تێدا دەکرا، وەک پرۆژەی زەیتون، نەدەکرا بەرژەوەندیی ٩٨٠ خانەوادە ڕەچاو نەکرێت، لە کاتێکدا کە کەمتەرخەمییەکان نە هی خاوەن پرۆژەو نە هی خەڵکە، بەڵکو هی لایەنە حکومیە پێوەندیدارەکان بە تەرخانکردنی زەویە و ئیجراياتی پێویستیش لە دژی کەمتەرخەمەکان گیرایەبەر و بڕیاری نوێش درا بۆ ڕێگری لەهەرلادانێکی تر لە ماستەرپلان.

● **پرۆژەی فلۆریا:**

ئەم پرۆژەیە لە بنەڕەتدا بۆ دروستکردنی شوقە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بووە. یەکەمجار کۆمپانیایەکی تورکی هەستابوو بە دروستکردنیان کە تێیدا سەرنەکەوت و لە لایەن حکومەتەوە سکاڵا لەسەر کۆمپانیا تورکیەکە تۆمارکراوە. لەوساوە پرۆژەکە ڕاگیرابوو. بەم دواییە پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە خرایە چوارچێوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و سایت پلانەکەشی گۆڕاوە بۆ خانووی گرانبەها و ڤێللا، کە ئەمەش کارێکی هەڵەیە و لێژنەی چاکسازیش بە ڕاشکاوانە ئەو رایەی خۆی دەربڕیوە، چونکە لە چوارچێوەی وەبەرهێناندا ئەم پرۆژەیە مەبەستەکەی خۆی کە خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەتە ناپێکێت. لەم هەفتەیەدا لێکۆڵینەوەی لێژنەی چاکسازی لە سەر پرۆژەکە بەکۆتایی هات و لێژنەکەمان ڕای خۆی بەوجۆرە خستۆتە ڕوو کە پرۆژەکە لە وەبەرهێنەر وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون و بە پاڵپشتیی دارایی حکومەت ئەم پرۆژەیە بۆ هەمان مەبەستی پێشوو و بۆ خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەت بەکار بهێنرێت. بۆیە ئەو تۆمەتەی کە بەرگری لە وەبەرهێنەرکراوە تۆمەتێکی نابەجێ و هەڵبەستراوە.

● **پرۆژەی شاری بەفرین:**

دوای لێکۆڵینەوەی لێژنەکەمان لەم پرۆژەیە، دەرکەوت کە گرێبەستی ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ڕابردوویەوە لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزار هەڵوەشێندراوەتەوە و وێڕای ئەمەش لە کارەکانی بەردەوام بووە، هەر لەبەر ئەوەش لە لایەن دەستەی ناوبراوەوە سکاڵا لە سەر جێبەجێکاری پرۆژەکە تۆمارکراوە و دەرەنجامی ئەم داوا یاساییەش لە لایەن دادگاوە پلەی بنبڕی لە بەرژەوەندی دەستەی گەشتوگوزار وەرگرتووە. ئێستا لەسەر لایەنە پێوەندیدارەکانە کە بڕیاری دادگا جێبەجێ بکەن. لەبەر ئەم هۆیانەش لێژنەکەمان پاڵپشتی بڕیاڕی دادگا بووە و لە ڕووی یاساییەوەش ناکرێت لێژنە بەدواداچوون بۆ کێشەیەک بکات کە لەبەردەم دادگا بێت یان یەکلایی کرابێتەوە.

● **پرۆژەی ئازادی نوێ:**

زانیارییەکەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ناتەواوە. ناوی شارەکە ( شاری ئازادی )یە و بەشێکە لە پرۆژەیەک بەناوی (ATCONZ) و خاوەنەکەی هاوولاتییەکی ئاشوورییە. ئەم پرۆژەیە کە ڕووبەرەکەی ٤٠٠ دۆنمە، بەدواداچوونی بۆ کراوە و لە ڕووی یاساییەوە کێشەی نییە. بۆیە لێپێچینەوە هەمبەر خاوەنەکەی نەکراوە.

● **لە بارەی پرۆژەکانی سلێمانی:**

لێژنەکەمان چەندین جار سەردانی سلێمانی کردووە و دامودەزگا ئیداریەکان لە سلێمانی ئەوپەڕی هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ لێژنەکەمان هەبووە، لە سنووری سلێمانیش بە پێڕەوکردنی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم چەندین موساتەحە هەڵوەشێندران، فایلی لێکۆڵینەوە لەسەر چەندین پرۆژە هەڵدرایەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر هەندێ پرۆژەش بە کۆتایی هاتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە زۆر لە پرۆژەکانیش ڕادەستی داواکاری گشتی کراوە. لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک بە یەک شێوە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان کراوە و هەر دەنگۆیەک بۆ نانەوەی جیاوازی لەم بوارە بە نابەجێی دەزانین.

● **لەبارەی تۆمەت هەڵبەستن بۆ ئەندامانی لێژنە:**

جێگەی داخە کە ڕۆژنامەکان دوور لە بەها مرۆڤی و ڕۆژنامەوانیەکان، بەبێ بەڵگە تۆمەت بۆ ئەو خەڵکە هەڵدەبەستن کە بە شەونخونی و بەبێ بەرامبەر بەشداری لە پرۆسەیەکی نیشتمانیی وا پیرۆزدا دەکەن. ئەندامانی لێژنە بە هەڵسەنگاندن و متمانەی جەنابی سەرۆک هەڵبژێردراون و وێڕای گشت لەمپەرەکان شێلگیرانە لە ئەرکەکەیان بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و چاکسازی بەردەوامن و چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین کە گشت لایەنە سیاسیەکان و گشت کەرت و چین و توێژەکان بەبێ هیچ ئامانجێکی بەرتەسکی سیاسی و کەسی، پاڵپشتی ئەم پرۆژەیە بن. ئێمەی ئەندامانی لێژنە پشت ئەستوورین بە متمانەی سەرۆک و ڕابردووی پاکی کاریی خۆمان و کێ هەر بەڵگەیەکی لەسەر لێژنە هەیە با بیخاتەڕوو، گەرنا ناو و ناتۆرە بەستن بەبێ بەڵگە بۆ ئەندامانی لێژنەش بە گەندەڵی و کۆسپ دروستکردن بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هەژمار دەکرێت و ئەمڕۆ گەلەکەشمان لە کەس قبوڵ ناکات بۆ دەسکەوتی سیاسی و بەرژەوەندیی تەسکی کەسی، بەرگری لە گەندەڵان بکرێت و کۆسپ بۆ پرۆسەی چاکسازی دروست بکرێت. لەمەولا لێژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمیش بە مافی خۆی دەزانێت کە ڕێکاری یاسایی لە هەمبەر ئەو کەس ولایەنانە بگرێتە بەر کە بەبێ بەڵگە تۆمەت دەخەنە پاڵ ئەندامانی ئەم لێژنەیە.

**لێژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی**
**چاکسازیی سەرۆکی هەرێم**
**٢٠١١/٧/١٦**




# پەیوەندییەکانی کەرتی گشتی و تایبەت پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە هەیە

کاتێـك باس لەبوونـی کەموکورتی و پشێوی دۆخی ئابووری و کەرتی تایبەت لەکوردستـان دەکەین؛ مەبەستمان ئەوە نییە کە هەر هیچ پاڵپشتـی و پشتگیری کەرتی تایبەتی نەکراوە، بەڵکو مەبەست لەو تێکەڵی و ئاڵۆزییەیە کە پەیوەندی نێوان هـەردوو کەرتی گشتـی و تایبەت ڕێك دەخات، بەمانەوەی دۆخەکە بەو شێوەیەی کە نەبووینەتە خاوەنی پلان و فەلسەفەی ئابـووری، بەواتای نەبوونی سیاسـەتی ئابووری و ستراتیژییەت بۆ داهاتوو دێت، لەم بارودۆخەداو بەهەستکردن بەبوونی ئەم کەموکورتیانە بەرنامە چاکسـازییەکەی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەستی پێکردو ئومێدێکی بەخشییە جیاکردنەوەی سیاسـەت لـە ئابـووری و ڕێگرتـن لەبەکارهێنانـی نفووزو مەحسـوبییەت بۆ بەدەسـتهێنانی قازانـج و کەڵەکەکردنی پارە بۆیە لە سـەرەتاوە دەستگرتن بەسەر سەدان دۆنم ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی کە بەشـێوەی دوور لەیاساوە وەرگیرابوو هاتە

ئـاراوە. دەرئەنجامـی قۆناغی یەکەمی چاکسـازییەکە پێمان دەڵێت: چیتر ڕێگا بەو کەسانە نادرێت کە کەوتونەتە بازاڕەوەو بەسیاسـەت ئابووری و بازاڕ بەڕێوەدەبەن، چونکـە ئـەوان ناتوانن لەمونا فەسـەی بازاڕدا سـەرکەوتوو بـن، هەربۆیە زوو دەچنە دواوەو ڕەوشـی بازاڕیش تێکدەدەن. بەرنامە چاکسـازییەکەی سەرۆك لەسەر ئـەو بنەمایە داڕێژراوە کە دەسـتی ئەو کەسـانە کورت بکاتەوە کە بەبەکارهێنانی نفووزی سیاسیانە ڕوویان لەکارێك کردووە یا پاڵپشتی کەسـانێك دەکەن کەلە مافی ئەواندا نییە ئەم کارانەبکـەن، هەر بۆیە کاتێـك بازاڕ دەچێتەوە ئـەو دۆخەی کە ئەهلی کاسبییەکە بێ دەسـتێوەردان کار بکەن و لە ڕێگای مونافەسـەوە هەوڵی کێبرکێ بدەن، ئەو کات نرخەکان دادەشکێن و کاڵاو پڕۆژەو کارەکان لەڕووی کوالێتییەوە بەرزدەبنەوەو گەندەڵیش دەچێتە دواوە.

سـەبارەت بـە کاریگـەری بەرنامە چاکسـازییەکەی سـەرۆك بـۆ دووبارە ڕێکخسـتنەوەی کاروبـاری ئابـووری و بازرگانـی دارا جەلیـل خەیـات سـەرۆکی یەکێتـی ژوورە بازرگانـی و پیشەسـازییەکانی کوردسـتان پێـی وابوو: لەهەموو سیسـتەمەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو چاکسـازی ڕۆڵی لە دووبارە بونیاتنانەوەی ئابووری و چارەسـەرکردنی کەموکورییـەکان هەبووە، ئەوەی ئەمڕۆش جەنابی سـەرۆکی کوردسـتان دەسـتی پێکـردووە ئومێدێکـی گـەورەی لـێ چـاوەڕوان دەکرێـت، گەر ئەم پرۆسـە چاکسازییەی سەرۆکی کوردستان بەردەوام بێت ئەوا ڕۆڵی کاریگەرو ڕاستەوخۆی لە چارەسەرکردنی زۆر کەموکوڕی ئابووری و یاسـایی و ڕێنماییە پەیوەندارەکان دەبێت کە ئێسـتا لەگەڵ واقیعـی ئابووری و پێشـکەوتنەکانی دنیادا ناگونجێت. هەر بۆیە چاکسازییەکانی سەرۆکی کوردستان لە قۆناغ و کاتێکی باشدا دەستی پێکردوو پێویسـتە هەموو لایەك پاڵپشتی لێبکەن و هەنگاوی گەورەتری بەدوادا بێت.

دارا جەلیل خەیات بۆ( گوڵان ):

# ئومێدەوارین چاكسازییەكان بەشێوەیەک ئاڕاستە بكرێت چارەسەری كەموكوڕی ئیداری و گەندەڵی بدۆزرێتەوە



### كەرتی تایبەت و كەرتی گشتی (حكومەت) تێنەگەیشتن لەنێوانیاندا هەیە

چارەسەری كەموكورتیەكان و دەرهێنانی دەستی هەندێك لەو بەرپرسە حكومی و سیاسیانەی كە ڕوویان لە كاری بازرگانی و وەبەرهێنان كردووە، یان لە ڕێگەی كەسە نزیكەكان و خزمەكانیانەوە كاسبی لە بازاڕدا دەكەن و تێكەڵ بەتاوانی شوشتنەوەی پارە بوون، پێویست بەوە دەكات پەیكەرو پێوەندییەكانی ناو ئابووری و بازاڕی هەرێمەكە دووبارە ڕێك بخرێتەوەو لەو تێكەڵ و پێكەڵییە دەربهێنرێت كە تێی كەوتووە؛ لەمبارەیەوەو لە وەڵامی چەند پرسیارێكی (گوڵان ) هێرش محەمەد تەیار سەرۆكی خاوەن كارانی هەرێمی كوردستان وتی: ئەگەر باسی بازاڕی كوردستان بكەین ئەوا تێكەڵ و پێكەڵیەكی زۆری تێدایە، بەتایبەتی ئەمڕۆ كەرتی تایبەت و كەرتی گشتی (حكومەت) تێنەگەیشتن لەنێوانیاندا هەیەو دژایەتی یەكتر دەكەن، هەرچەندە من بەرگری لە

**دەرئەنجامی قۆناغی یەكەمی چاكسازییەكە پیمان دەڵێت: چیتر ڕێگا بەو كەسانە نادرێت كە كەوتوونەتە بازاڕەوەو بەسیاسەت ئابووری و بازاڕ بەڕێوەدەبەن**

كەرتی تایبەت ناكەم، بەڵام دەبێت ئەو راستیە بووترێت كە كەرتی تایبەت ناتوانێت دژایەتی حكومەت بكات، بەڵكو گرفتەكە لەوەوە سەریهەڵداوە كەرتی گشتی دژایەتی كەرتی تایبەت دەكات و هەست بەوە ناكات كەرتی تایبەت تەواوكارە، هەر بۆیە پێویستە كەرتی گشتی هەست بەوە بكات كەرتی تایبەت بۆ بونیاتنانەوەو گەشەكردنی وڵات تەواوكاری ئەوە. لەهەموو وڵاتانی تر ئێمە باسی شۆڕشەكانی وڵاتانی پێشكەوتوو بكەین بۆنموونە باسی ئەڵمانیا بكەین كە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئەو وڵاتە كەوتە بارودۆخێكی زۆر دژوارو ئابووری و وڵاتەكە داڕما، بەڵام حكومەت و دەوڵەت وڵاتی بونیات نەناوەو چاكی نەكردەوە بەڵكو كەرتی تایبەت و خاوەن كارانی دڵسۆزی و بەتوانا وڵاتەكەیان بونیات نایەوە، كاتێكیش باسی كۆریای باشوور بكەین كە لە قۆناغی هەڵسانەوەو شۆڕش رزگاریان بوو بەڵام شۆڕشی دووەم كە شۆڕشی خاوەن كاران و ئەو كەسانە بوو كە وڵاتیان بونیاتنایەوە، ئەوانەی كە شۆڕشیان كردوو لەدژی دوژمن دەجەنگان نامەكەیان كۆتایی پێهات و قۆناغێكی نوێی بووژانەوەو كەرتی تایبەت و خاوەن كاران هاتە پێشەوە.

جێی داخە لەكوردستان ناڕێكی و تێكەڵ و پێكەڵیەك هەیە، كەسانێك هاتنە ناو پرۆسەی ئابووری و بازاڕەوە پرۆسەی دووەمی شۆڕشی بونیادنانەوەیان تێكدا، ڕاستە بەشێك لەوانەی خزاندووەتە ناو پرۆسەی ئابوورییەوە كە ئیشی ئەوان نەبوو ئەمەش وایكرد بارودۆخێك دروست بكات كە ببێتە هۆی بەرەو پێشنەچوونی شۆڕشی بنیاتنانەوەو گەشەكردن.

كەواتە هەنگاوە چاكسازیەكەی سەرۆكی كوردستان لەم واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە كە دەبێت تێكەڵبوونی هەندێك كەسی ناشایستە لە ناو پرۆسەی ئابووری و بازاڕ دەربهێنرێن.

سەبارەت بەوەی بۆچی ئەم دژایەتیكردنەی نێوان حكومەت و كەرتی تایبەت لەلایەك و تەنانەت لەنێوان خودی كەرتی تایبەتەكە نەبۆتە مونافەسە هەروەكو چۆن لە وڵاتانی پێشكەوتوو بەم ڕێگایە كوالێتی بەرزدەبێت و نرخەكانیش گونجاو دەبن هێرش محەمەد تەیار وتی: دەبێت دەسەڵات و كەرتی گشتی ( حكومەت) ئەو راستیە بزانن كە كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت تەواوكhری یەكترن، كاتێك كەرتی تایبەت پرۆژەیەك لە حكومەت وەردەگرێت بۆ ئەوە نییە بێت و حكومەت بڕوتێنێتەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت حكومەت پلان و بەرنامەی بۆ ئەوە بێت كە چۆن لەخەمی سەركەوتنی پرۆژەكەیدایە ئاواش مافی كەرتی تایبەت پێشێل نەكات و لەخەمی ئەوەدا بێت بیزنسكارەكە یا بەڵێندەرەكە زیان نەكات و كۆمپانیاكەی بەرەو پێشەوە بچێت.

### چاكسازییەكان كاریگەری لەسەر بووژانەوەی ئابووری و بازاڕ دەبێت

سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسە چاكسازییەكەی سەرۆكی كوردستان لە دووبارە ڕێكخستنەوەی كەرتی تایبەت و بەرەو پێشبردنی كارو چالاكی ئابووری و بازرگانی لە هەرێمەكەدا ئەیاد حەسەن سەرۆكی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆك وتی: پرۆسەی چاكسازی سەرۆكی كوردستان رۆڵی گرنگی لە چارەسەركردنی زۆر كێشەو گرفتی وا هەیە كە كاریگەری لەسەر دووبارە ڕێكخستنەوەی كاری ئیكۆنۆمی و بازرگانی دەبێت، چونكە لە هەرێمی كوردستان زۆر بواری ئیداری و یاسایی و ڕێنمایی پێوەندار هەیە پێویستی بەدووبارە چاوخشاندنەوەو هەمواركردنەوە هەیە، لەوانە یاساكانی كارو دامەزراندنی

## ئەیاد حەسەن سەرۆکی ژووری بازرگانی

# پێویستە ڕێگا نەدرێت هەندێک کۆمپانیا نفووزو مەحسوبیەت بەکار بهێنن لە بری کێبرکێ ئابووری و بازاڕ بەئاقارێکی تردا بەرن



کۆمپانیاکان و گرووپەکانیان و پاراستنی مافی بەکارهێنەرو داهێنان و مارکەو یاساکانی تاریفەی گومرگی و باج و چۆنیەتی پاراستنی مافی کارکردن لەکەرتی تایبەت و ..تاد، بەرنامەی جەنابی سەرۆك زیاتر پێوەندی بەدووبارە ڕێکخستنەوەی ئەمبوارانە هەیە.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەت زۆر ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە چارەسەرکردنی زۆر کەموکوڕی و ئەنجامدانی پرۆژەو بووژانەوەی هەرێمەکە هەر بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کاتی ئەوە هاتووە بەتایبەت لەگەڵ بەرنامەکەی چاکسازی سەرۆکی کوردستان کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگانە بکرێت کە ڕووبەڕووی ئەم کەرتە بۆتەوە.

### مونافەسە باشترین کوالێتی و گونجاوترین نرخ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت

سەبارەت بەخراپی کوالێتی کەرەستەو کەلوپەل و بەرزی نرخەکان کە دوو کێشەی مەترسیدارن لەبواری هەڵاوسانی نرخ و خراپی کوالێتی کاڵاکان کە ڕووبەڕووی هاووڵاتیان و ئابووری هەرێمەکە بۆتەوە، ئاستەنگیشە لەبەردەم چاکسازییەکان، دارا جەلیل خەیات وتی: یەکێك لەبنەماکانی باشترکردنی کارو بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی کاڵاو کەلوپەلەکان و تەنانەت دابەزینی نرخ و بەهاکان ئاراستەکردنی ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازییە لەهەرێمەکەدا بەرەو کێبرکێکردن ( منافسە) بەڕاستی تاکو ئەمڕۆ ژمارەی بازرگان و کۆمپانیاو پیشەکاران لەئاستی کێبڕکێدا نین گەر بەراورد بکرێت بەو ژمارەیەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە هاوکێشەیەکی ئابوورییە تا بازرگان و پیشەسازیکاران و پیشەوەران زیاد بێت کێبڕکێ دروست دەبێت لەکاتی کێبڕکێشدا هەموو بازرگان و بیزنسکارو وەبەرهێنێك دەیەوێت زۆرترین کڕیارو بەکاربەرو بەکارهێنەر بۆ خۆی ڕاکێشێت تاوەکو زۆرترین قازانج بکات، لەبازاڕێکیشدا مونافەسە هەبێت ئەوا جگە لەباشترکردنی کوالێتی و مارکەو داشکاندنی نرخ ڕێگایەکی تر نییە بۆ ڕاکێشانی کڕیارو بەکاربەر. لەلایەکی ترەوە ئەرکی سەرشانی حکومەتە پشتگیری بەرهەمی ناوخۆیی بکات کە دۆخێکی وا دروست دەکات چەند پیشەسازیکارو بەرهەمهێنێك مونافەسە بکەن و لە قۆناغی یەکەمدا کە حکومەت دەعمیان دەکات ئاست و توانای خۆیان بەرز بکەنەوەو کوالێتیان بەرز دەبێتەوەو نرخەکانیش نزم دەکەنەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای خواست و خستنەروو لە بازاڕێك کە مونافەسە هەبێت.

### یاساکانی پیشەسازی و کارو دڵنیایی و وەبەرهێنان پێویستی بەدووبارە هەموارکردنەوە هەیە

خاڵێکی تری گرنگی بەرنامە چاکسازییەکەی سەرۆکی کوردستان پێوەندی بەسەر لەنوێ پێداچوونەوە بەو یاسایانەوە هەیە کە پێویستیان بەهەموارکردنەوە دەبێت، بەمەش ڕێنمایی نوێ و یاسای تازە بەرهەم دەهێنرێت و واقیعێکی وای لێدەکەوێتەوە کە بیزنسکارو وەبەرهێنەرەکان لە ڕێگای کێبرکێوە هەلی کاری باش و گونجاویان دەست دەکەوێت سەبارەت بەو یاساو ڕێنماییانەی کە وەبەرهێنەرو بازرگان و پیشەسازیکاران کاری پێ دەکەن و بارودۆخی بازاڕو ئابووری ڕێك دەخات و دەیبات بەڕێوە، سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم وتی: زۆر یاسای وەکو یاساکانی پیشەسازی و یاسای کارو دڵنیایی و کووژانەوەی زەوی کشتوکاڵی و یاسای وەبەرهێنان و چەندین یاسای تر پێویستی بەدووبارە هەموارکردنەوە هەیە، تەنانەت تاکو ئێستا زۆر یاساو ڕێنمایی هەیە کە لەسەردەمی بلۆکی سۆشیالیستی دانراون و ئێمە لەسەری دەڕۆین لەکاتێکدا باس لە ئابووری بازاڕو فراوانکردنی کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی قەبارەی حکومەت دەکرێت. هەربۆیە دەبێت ئەو یاساو ڕێنماییانە داڕێژرێتەوەو جێبەجێبکرێت کە لەگەڵ واقیعی گەشەسەندنی وڵاتانی دنیاو بەرەو پێشبردنی هەرێمەکەمان بگونجێت.

سەرۆکی خاوەنکارانی کوردستانیش لەمبارەیەوە وتی: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو یاساو ڕێنماییانەی هەیە باشتر بکرێن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت بێ یاساییەو بارودۆخەکەی تێکداوە، خۆ ئەگەر بەپێی یاسا بڕۆین بارودۆخەکە تێك ناچێت و بەشێوەیەکی باش و گونجاو کاروبارەکان بەڕێوەدەچێت و هەموانیش پیادەی دەکەن. زۆرجار کەسانێکی سیاسەتمەدار یا کەسە نزیکەکانی هەندێك لەبەرپرسە حکومیەکان

**لەکۆڕیای باشوور ئەوانەی کە شۆڕشیان کردوو لەدژی دوژمن دەجەنگان دواتر نامەکەیان کۆتایی پێهات و قۆناغێکی نوێی بووژانەوەو کەرتی تایبەت و خاوەن کاران هاتە پێشەوە**

له ڕێگای ئیستغلالکردنی نزیکەکانیانەوە بارودۆخەکەیان بە ئاقارێکی تردا بردووەو هەر ئەوانە وایانکردووە ئەم قۆناغە بەرەو دواوە بچێت یا لەشوێنی خۆی راوەستێت. چارەسەرکردنەکەشی له ڕێگای سێ خاڵەوە ئەنجام دەدرێت کە دوو خاڵی سەرۆکی کوردستان تەئکیدی لەسەر کردۆتەوەو داوای چارەسەرکردنی بۆ کردووە یەکێکیش لەم خاڵانە بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی حکومەتە و ئەوی تر سەروەری یاسایە کە دەبێت یاسا لەسەرووی هەموومانەوە بێت، ئەمەش کاتێك دەچەسپێت کە ئێمە زانیمان ئەرك و مافەکانمان لەچوارچێوەی ئەو یاسایەدا چییە تا پابەندی بین.

سەرۆکی خاوەن کارانی هەرێمی کوردستان وتی : داوام لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کەرتی تایبەت دانیپێدا بنێن و پاڵپشت و هاوکاری کەرتی تایبەت بن تاوەکو بتوانرێت سوود لە تواناو ئیمکاناتیان وەربگیرێت و کۆمپانیاکانی کوردستانیش رۆڵیان زیاتر پێ بدرێت لە بونیاتنانەوەی هەرێمەکە.

لەلایەکی ترەوە من پێم وانییە کەرتی تایبەت هەر هەمووی کەمتەرخەم بێت بەڵکو بەهۆی بوونی خەڵکێکی خاوەن نفووز یا خاوەن دەسەڵات لە پشت هەندێك کۆمپانیاوە وایکردووە هەندێك کۆمپانیا بووچەڵ بێتەوە، لەکوردستانی ئێمەدا زیاتر لە ١٠ دەهەزار کۆمپانیا بوونیان هەیە ئەگەر لەم ژمارەیە تەنیا ٢٠٠ کۆمپانیای بەفیعلی هەبێت کە بەتەئکید هەیە ئەوا دەکرێت لەنێوان ئەم ژمارەیەدا کێبرکێ هەبێت، بەڵام کاتێك کێبرکێ دەبێت کە بەراست و دروستی و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان پۆلێنی کۆمپانیاکان بکرێت. بەتایبەتی لەبواری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەندەرات و ئەنجامدانی پرۆژەکان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین لیژنەی شارەزاو بەتوانای دامەزراندووە کە ئەرکی دۆزینەوەی کەموکوری و گرفتەکان و دانانی رێوشوێن و میکانیزمی چارەسەرکردنیشیان لە ئەستۆیە.

**لە تەندەرو پێدانی پرۆژەکان، گەندەڵی هەیەو ناشەفافیەت زۆرن، هەر بۆیە سەرۆکی کوردستان بڕیاری چاکسازی دەرکردووە، بەتایبەتی لەبواری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەندەرات و ئەنجامدانی پرۆژەکاندا**

هێرش محەمەد تەیار بۆ (گوڵان):

# کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی (حکومەت) لێکنەگەیشتن لەنێوانیاندا هەیەو دژایەتی یەکتر دەکەن



من وەکو بیزنسکارێکی بێلایەن دەڵێم لیژنەکان بەتوانان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان.

### لەڕێگای یاساوە دەتوانرێت دووبارە بازاڕو ئابووری ڕێکبخرێتەوە

سەبارەت بە تێکەڵبوونی کەرتی تایبەتی و حکومی لە بەڕێوەچوونی سیاسەتی ئابووری و ئەنجامدانی پرۆژەکان و نزمی ئاستی کەرتەکە سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆك پێی وابوو: لەڕێگای یاساوە دەتوانرێت دووبارە بازاڕو ئابووری ڕێك بخرێتەوەو ڕێگا نەدرێت بەم تێکەڵ و پێکەڵییەی کە ئێستا هەیە، بەتایبەتی ڕێگا نەدرێت هەندێك کۆمپانیاو بیزنسکاری خاوەن نفووزو مەحسوبیەت بەکار بهێنن لە بری کێبرکێ و بەدەستهێنانی قازانجی شەرعی ڕێگای تر بگرنە بەرەو رەوشەکە بەئاقارێکی تردا بەرن. کاتی ئەوە هاتووە لەڕێگای دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی گەورەوە هەل و فرسەتی کار بۆ هەموو بیزنسکارو پیشەسازیکارێك وەکو یەك برەخسێنرێت و پاڵپشتی و هاوکاری حکومەت بە پێوەری زانستی و شەفاف بێت، بەمەش دەبینە خاوەنی بازاڕو ئابوورییەك کە کێبرکێی تێدا دەبێت و پیشەسازیکاران و خاوەن کارەکان لە پرۆژەو کارەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن .

بەهۆی نەبوونی ئەو کێبرکێیەوە نەمانتوانیوە هەلی کار بۆ گەنجەکان دابین بکەین، بەڵام کاتێك کێبرکێ لەنێوان کۆمپانیاکان کەوتەوەو حکومەتیش رۆڵی پاڵپشتی و هاوکاری پێشکەش بەکەرتی تایبەت کرد ئەو کات کەرتەکە دەبووژێتەوەو توانای بەرز دەبێتەوەو زۆرترین هەلی کاریش بۆ گەنجەکان دەستەبەر دەبێت .

سەبارەت بەنەبوونی کێبرکێ سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆك وتی : من پێم وانییە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك بەو شێوە فراوانە قۆرخکاری هەبێت، بەڵکو کێبرکێ هەیە رەنگە بەو رادەیە نەبێت، کە پێویستە بەڵام بوونی دەیان بیزنسکارو کۆمپانیا لە یەك بوارو بوونی کاڵاو کەلوپەل لە دەیان مارکە ئەمە وادەکات کێبرکێ لە نرخ و جۆر دروست بێت، بارودۆخەکە ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو باشتر دەڕوات بەتایبەتی پێشبینی دەکەم گەر بێتوو بەرنامە چاکسازییەکەی سەرۆکی کوردستان بەرەو پێشەوە بڕوات و بەهەموو پارتە سیاسی و لایەنەکان و هاووڵاتیان پاڵپشتی بکەن ئەو کات زۆر بوار ڕوو لە چارەسەرکردن دەچێت، رەنگە زۆر کێشەو گرفت هەبێت بەشەوو رۆژێك چارەسەر نەکرێت، بەڵام هەنگاوی عەمەلی بۆ دەنرێت و وابزانم بوارەکانیش هەمووی بەیەکەوە بەستراوەو کاریگەری لەسەر یەکتر هەیە.

# نەبوونی فەلسەفە..

## فاکتەرێکە بۆ بەرهەم نەهێنانی سیستمی حوکمڕانی جێگیر لە ڕۆژهەڵاتدا



د. موحسین ئەحمەد عومەر

ئایا غەدر لە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەکەم، ئەگەر پێی بڵێم سەر بەهیچ ترادسیۆنێکی بیرکردنەوە نییە چونکە ڕۆژهەڵات بەدرێژایی مێژووی خۆی خاوەنی هیچ فەلسەفەو فەیلەسووفێك نەبووە. ئەسڵەن ڕۆژهەڵات لانکەی هیچ فەلسەفەیەك نییە، بەڵکو لانکەی ئایینەکانە. ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێکی ترەو وەڵامێکی تری دەوێت.

ڕۆژهەڵات کە خاوەنی هیچ فەلسەفەیەك نییە، کەواتە ناشتوانێ سیستەمێکی حوکمڕانی جێگیرو پڕ لە ڕۆشنایی بەرهەم بهێنێ. چونکە سیستەمێکی وا فەلسەفەو بیرێکی ڕوون و نوێخوازی دەوێ. ئایا ئەم کێشەیە شایانی ئەوە نییە لێی بکۆڵدرێتەوەو بە وردی سەرنجی بدرێتێ؟ لێرەوە من خۆم لە قەرەی کێشە ئیتنیکی و ئایینی و ڕوانینە سیاسییە جیاجیاکان نادەم، چونکە ئەمانە ئاڕاستەی بابەتەکە بەلایەکی تردا دەبەن.

واباوەو دەوترێ ڕۆژهەڵات خاوەنی حیکمەتە نەك فەلسەفە، حیکمەتیش زیاتر هەڵکەوتێکی ئایینی هەیە وەك لە فیکری موجەرەدی بۆ سیستەمێکی فەلسەفی پڕو تەواو، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ڕۆژهەڵات لانکەی ئایینەکانە نەك سەرچاوەی بەرهەمهێنانی فەلسەفە، هەڵبەت بە حیکمەتیش ناتوانرێ سیستەمێکی حوکمڕانی نوێ دابمەزرێت، بەڵکو ئەمە بە سیستەمێکی فیکری ڕێك و ڕوون و ئاڵۆز دەکرێ بچێتە ئەودیوی هەر هەڵکەوتێکی حیکمەتئامێز کە لە ئایینەوە نزیکە، چونکە دەوترێت کە ڕۆژهەڵات لانکەی ئایینە نەك فەلسەفە، بە پلەی یەکەم هەڵکەوتی جیۆگرافی ڕۆڵی هەبووە لەپێدانی ئەم خەسڵەتە بە ڕۆژهەڵات نەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە ڕۆژهەڵات هەردەم سست و کورتخایەن بوونەو پێش گەیشتن بە ئەنجامێك بە گەڕانەوە بۆ ئەخلاقی دیسپۆتیزمی (ئەخلاقی ستەمکاری ) لە ناوبراون. بەڵگەش بۆ ئەمە دوای هەشتا ساڵ لە فەرمانڕەوایی دیکتاتۆریی هێشتا ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە کۆتایی بە بتەکان بێنێ، ئەو بتانەی تا ئێستاش فەرمانڕەوایی دەکەن، ئەو بتانەی هاوتای تاریکپەرستین، تاریکپەرستی ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی..تاد..ئەمەش لە بنچینەدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کێشە ئاڵۆزەی دەمێکە ڕۆژهەڵاتناسەکان، کۆن و نوێکان دووبارە و سەد بارەی دەکەنەوە، تا کوردۆلۆگە ئۆروپییە هاوچەرخەکانیش دەڵێن مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، بە گشتی (مەڵبەندی میللەتانی موسڵمان) ناتوانن بە وردی بیربکەنەوە، یان سەر بە هیچ تیۆر و پرۆسەیەکی بیرکردنەوە نین نەخوازەڵڵا بەرهەمهێنانی سیستەمێکی حوکمڕانی پڕ لە ڕۆشنایی و جێگیر، هەر هیچ نەبێت دوور بێ لە گەندەڵی و تۆزێك لە مرۆڤ بوەشێتەوە.

ئینجا کێشەیەکی تریش لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئەوەیە کە من ئەم ڕوانینەم پێ ڕاستە و ناتوانم خۆمی لێ دەرباز بکەم، چونکە بە پلەی یەکەم منیش مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتیم و هەوڵی بیرکردنەوەم هەیە، بە قەد باڵای ئەم بیرکردنەوەیەش هەرچەند ئاوڕ لە ڕابردوو و مێژووی کەوناراو نوێی ڕۆژهەڵات دەدەمەوە، فەلەسەفە و فەیلەسووفێك نادۆزمەوە، پرۆسەیەکی فیکری، سیستەمێکی سیاسی پڕ لە ڕۆشنایی و جێگیر نادۆزمەوە.


ژمارە (٨٣٩) ■ ٢٠١١/٧/١٨

بەڵکو هەرچەند قووڵ دەبمەوە و سەرنج دەدەم، تەماشای ئەو مێژووە دەکەم یەك سیستەمی فەلسەفی (کە پێی ناوترێ فەلسەفە) دەبینم کە بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵات ئامادەیی هەیە، ئەمەش تەنیا سیستەمی دیسپۆتیزمیە (الاستبداد Dispotisme). دیسپۆتیزم دەمێکە لە کوردی بەرامبەرەکەی بۆتە «ستەمکاری»، ئەمەش هاوتایەکی گونجاو و دروستە. ستەمکاری لە ڕۆژهەڵات هەڵکەوتەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە، بۆتە ڕەفتار، سیستەم، کولتوور و نەریت، بۆتە بەرگ و توێکڵی ئایین و پرۆسەی سیاسی و بیرکردنەوەو پرۆسەی حوکمڕانی و زۆر شتی تریش. دیسپۆتیزم فەلسەفەیەکی بێ فەیلەسووفی ڕۆژهەڵاتە. ئەسڵەن ئایینەکان لەسەر خاکێك و پێوەندییەکی دیسپۆتیکی کۆمەڵایەتی (سەردار و کۆیلە) لە دایکبوونە. بێگومان لە ناو هەڵکەوتەو پێکهاتەیەکی لەم جۆرە قەت فەلسەفە و فەیلەسووف سەرهەڵنادەن، مێژووی ڕۆژهەڵاتیش بەڵگە و گەواهییە، ڕۆژهەڵات ئەمڕۆش کوشتەی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیەیە، ئەمەش زنجیرەیەکی نوێیە لە گشت پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان ئامادەیی هەیە. یانی بۆ نموونە کورد کە ناتوانێ دو ئیدارەی خۆی یەکبخا و یەك حکومەتی بەهێز و دیموکرات پێکبهێنێ، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕوانگەیەکی نوێخواز و تێنەگەیشتن لە مێژوو، ئەمەش بە شێوازێك درێژەپێدانی فۆرمێکی نوێی دیسپۆتیزمییە، هەندێ بتی دیسپۆتیك ڕێگرن، چونکە لە بەرژەوەندییان دەدرێت. کۆمەڵگەی ئێمەش بەهۆی سستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا، هەر خۆی گەشە بەفیکری دیسپۆتیزمی دەدا، مانەوە لە ناو نەریتی باوو تێکنەشکاو، مانەوەی فۆرمە کۆمەڵایەتییە باوەکان، وەك کاریگەری باوکێکی گەورە کە بەسەر خێزانێکی گەورە ڕادەگا، ئاڵۆزی و گەورەیی خێزانی کوردی، جیاوازی نەکردن لە نێوان مرۆڤی شاری و مرۆڤی گوندی و جوتیار، بوونی فۆرمی جوتیاری لە ناو شارەکان، کاریگەری زۆرتری مەلایەك لە چاو ڕۆشنبیرێك، بزری ڕۆشنبیرەکان... تاد، لەولاشەوە سیاسەتوانێکی گەندەڵ، فەرمانبەرێکی پلەبەرزی گەندەڵ، ئەمانە مۆدێلێکی نوێی دیسپۆتیزمی هاوچەرخە. لە فەلسەفەی دیسپۆتیزم «ئەویتر» هیچ مانایەك ناگەیەنێت، چونکە ئەویتر لە تەنیشت (من) مانای دەبێ و بە پێچەوانەشەوە، سیستەمی حوکمڕانی نوێ دەبێ لەسەر بنچینەی ئەم پێکهاتەیە دامەزرێت، بێگومان سیستەمێکی جێگیر و عەدالەتخوازو پڕ لە ڕۆشنایی، بەڵام لە فیکری دیسپۆتیزم (سەردار و کۆیلە) هەیە، (من و ئەویتر) بوونی نییە، ئەمەش بە شێوە هاوچەرخەکەی لە حوکمڕانی گەندەڵ بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە. (بەو مانایەی پیاوی گەندەڵ تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە) ئەمە لە بنچینەدا فەلسەفەیەکی تاریکپەرستییە، دژە مرۆڤە، دژە دیموکراسی و دژە نوێخوازییە. پیاوە دیسپۆتیکەکانی ئەمڕۆ هەمان پیاوە دیسپۆتیکە کۆنەکانن، لەسەر یەکتری بە جیاوازی زەمەن و شوێن لە ڕۆژهەڵات سەریان هەڵداوە، بڕوانە قەزافی و ئەسەد و موبارەك و عەلی سالح و ئەحمەدی نەژاد..تاد، ئینجا بەراوردیان بکە بە ستەمکاری هەرە ناسراوی ڕۆژهەڵاتی سەردەمی عەباسییەکان، حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، ئەمانەی ئێستا هەمان کۆپی کۆنن، ڕەنگە حەجاج مۆدێلێکی کۆنی هێشتا نوێتر بێ لە کۆپییە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ، بەڵام بێگومان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لەم ڕۆژهەڵاتە هەموو شتێك وەکو خۆیەتی، هەتا ئێستا بەردی سێ هەزار ساڵی پێشوو دەستی لێ نەدراوە، هەمان ئاووهەوا، هەمان پێکهاتە، هەمان بیرکردنەوە، هەمان پێوەندی، لەمەشەوە تێدەگەین بۆچی ڕۆژهەڵات قەت نەیتوانیوە بتەکان بشکێنێ، بەڵکو بتەکان تێیدا لە دایك دەبن و سەرهەڵدەدەن.

ئینجا لێرەوە، کورد کە لاوازترین ئەڵقەی پەیوەندییە لەم ڕۆژهەڵاتە کەونارایە، کە گوایە مەڵبەندی فەلسەفە و بیرکردنەوە نییە، دەبێ چی بکا و چۆن هەڵسوکەوت بکا؟ لەوبڕوایەدام، مرۆڤی کورد، نوخبەی ڕۆشنبیر، دەبێ دژی تاریکپەرستی خەبات بکەن، کورد لە شەوەزەنگی مێژوویی دەربێنن، بە کورتی بۆ شکاندنی زنجیری دیسپۆتیزم و ئەخلاقی دیسپۆتیزم، تەنیا نوێخوازی و تازەگەری لە پێش کوردە، بۆ ئەمەش دەبێ زۆر بت هەن بشکێندرێن. بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، کورد دەمێکە موجامەلەیەکی مێژوویی لەگەڵ خۆی دەکا، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ ناو تاریکپەرستی و دیسپۆتیزم.

# چوارقوڕنه.. سایلۆو بانكی تێدا نییەو

چوارقوڕنه له سـەرەتادا گوندێكی بچووك بووەو پاش دروستكردنی بەنداوی دوكان ژمارەیەك گوندی دەڤەرەكە ژێرئاو كەوتوون و بەشێك لەخەڵكی ئەو گوندانە بۆ چوارقوڕنە ڕاگوازرانەتەوە، لەساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ بووە بە ناحیە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ وە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی لێ دەستبەكاربووە.

له ساڵی ١٩٧٨ خەڵكی گوندەكانی بناری قەندیل و لەپاشاندا خەڵكی دەڤەری حاجی ئۆمەران و خۆشناوەتی و هەندێ شوێنی تریش ڕاگوازرانەوە بۆ شارۆچكەی چوارقوڕنە، لەئەنجامدا ئەو شارۆچكەیە بۆتە گەورەترین ناحیە لەسنووری پارێزگای سلێمانی. ناحیەی چوارقوڕنە لەپاش ئەوەی ناحیەی حاجیاواو سەركەپكان دروستبوون، سنوورەكەی بچووك بۆتەوەو ژمارەیەك گوند خراونەتە سەر ئەو دوو ناحیەیە، بۆیە



# کتێبخانەکەشی لە بینایەی کۆگای ئاودایە

ئێســـتاکە تەنیا (٩) گوند لە سنووری ناحیەی چوارقوڕنەدا هەیە، ژمارەی دانیشـــتووانی چوارقوڕنە (٥٠)هەزار کەسەو زۆربەی خەڵکەکەی جگە لەوەی بەکاری کشـــتوکاڵییەوە ســـەرقاڵن، ژمارەیەکی زۆریش لە کارگەکانی قوم و چەوو بلۆك کە لەسنوورەکەدا هەیە کار دەکەن. لە پێش ڕاپەڕینـــەوە ناحیەی چوارقوڕنـــە گرنگی پێ نەدراوەو لە زۆر لایەنی خزمەتگوزارییەوە فەرامۆش کرابوو، لەدوای ســـاڵی (١٩٩١)ش دووبارە بەپێی پێویســـت ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. لەســـەردانێکماندا بۆ ناحیەی چوارقوڕنە، چەند هاووڵاتییەکمان دواند هەریەکەیان لە بوارێك لە بوارەکانی خزمەتگوزاری گلەیی و گازەندەیان هەبوو، گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان لە(عەبدوڵڵا ئیبراهیم) بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە کرد.



عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە بۆ (گوڵان):

# پزیشکی پسپۆرو ئافرەتانمان نییە و تەنیا دوو پزیشکی موقیممان هەیە



### دیاردەی زێدەڕۆیی بەرچاوە

سەرەتا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە لەوەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بەنەبوونی ماستەرپلان کە گرنگی خۆی هەیە بۆ فراوانبوون و جوانی و سەرکەوتنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وتی: چوارقوڕنە لەسەرەتادا نەخشەی بنەڕەتی نەبوو، ئەو نەخشەیەی ئێستاش کە هەیە شارۆچکەکەی لەسەر شێوەی بلۆك - بلۆك دابەش کردووە واتە ئەو وردەکارییەی کە لەسەر ئەرزی واقیعەو گرنگی و کاریگەری هەیە، نەخراوەتە ناو نەخشەکەوە، یەکێك لە کێشەکانی دانیشتووانی شارۆچکەکە کە بە دەستییەوە بێزارو گیرۆدەبوون، تاپۆنەکردنی خانووەکانیانە، تەنیا یەك لەسەر سێی خانووەکانی ناو سەنتەری چوارقوڕنە تاپۆیان بۆ کراوە، ئەمەش گرفتە، چونکە نەبوونی تاپۆ وادەکات لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە بێبەش بن، لەلایەکی ترەوە ئێمە وەکو هەموو قەزاو ناحیەکانی تر بەدەرنین لەدیاردەی بەزێدەڕۆیی دروستکردنی خانووبەرە، نەبوونی ماستەرپلان و نەخشەی وردو زانستی وایکردووە شارۆچکەکە لەفراوانبووندا بەشێوەیەکی نارێك و ناشارستانیانە دەربکەوێت، بۆ کوژاندنەوەی زەوی و تاپۆکردن و ڕێگاگرتن لە زێدەڕۆیی لەم ماوەیەدا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد بەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بەشی زۆری کێشەکان چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەوانەی کە لەساڵانی (٥٠ ) و (٦٠) خانوویان هەبووە، بەسەریان تاپۆ دەکرێت و بەسوودمەند دەژمێردرێن، ئەمەش پێموایە ڕەوا نییە، ئەگەر ئەو کەسانە وەکو دیاردە زێدەڕۆییەکان، یەك حیسابیان بۆ بکرێت.

### ئەمساڵ جووت سایدی چوارقورنە — دوکان دەست پێدەکات

سەبارەت بەوەی کە بڕیاربوو ئەو جووت سایدەی چوارقوڕنە بە دوکان دەبەستێتەوە ئەنجام بدرێت، هەروەها کە لە دەروازەی چوارقوڕنە نزیك دەبێتەوە لەمبەرو ئەوبەر ژمارەیەکی زۆر کارگەی بلوك و چەوولم بەدی دەکرێت کە ئەمانەش هۆکاری ناشرین کردنی دەروازەکەو پیسبوونی ژینگەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی چوار قوڕنە وتی: بڕیارە لەسەر بودجەی ٢٠١١ ئەمساڵ جووت سایدەکە دەست پێ بکات، لەبەر پێویستی ناوچەکە و گرنگێتی سنووری چوارقوڕنە قۆناخی یەکەم لە دەروازەی چوارقوڕنەوە دەستبەکارەکانی دەکرێت و ئەم دوو سایدە بە دەرەوەی گوندەکانی سنوورەکەدا دەڕوات، هەروەها بەدەست پێکردنی دوو سایدەکەو گرنگی ئەم ڕێگایە هەندێ لەم کارگانەی هەیە بەر جووت سایدەکە دەکەون و دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دوور لە دەروازەو جووت سایدەکە، بۆیە لێرەدا دەتوانم بڵێم بە تەواوبوونی جووت سایدی نێوان چوارقوڕنە و دوکان جگە لە ئاسانکاری هاتووچۆکردن بۆ خەڵك، کۆمەڵێك کێشەی تری پێوەندار بەبوونی کارگەکانی بلۆك و چەو لەدەروازەی ناحیەکە چارەسەر دەبێت، هەر لەبەر پاراستنی ژینگەکەش، لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی لە هەوڵی ئەوەداین لەناو شارۆچکەکە و گەڕەك و چواردەوری ناحیەکە ڕووبەری سەوزایی زیاد بکەین.

### هێشتا چەندین گەڕەك ماون تا پرۆژەی قیرتاوکردن و ئاوەڕۆیان بۆ بکرێت

سەبارەت بە کۆنکرێت و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەك و سەنتەری ناحیە و تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان بەڕێوەبەری ناحیەی چوار قوڕنە وتی: زۆربەی گوندەکانی کە لە سنوورەکەمانە دەکەونە سەر ڕێگا سەرەکییەکەی کە دێتە ناو شارۆچکەکەوە، بەڵام گوندەکانی لەمبەرن وەکو کلاوسۆران و قەسرۆك بێگومان گرفتی ڕێگاوبانیان هەیە، هەر بۆیە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە، دوو پرد خراوەتە بەرنامەوە کە بۆیان دروست بکەن بۆ ئەم پرۆژەیەش ڕەزامەندی وەرگیراوەو تەنیا لەسەر ئەوە ماوەتەوە کە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت، هەروەها بۆ ناو شارۆچکەش ساڵانە کارلەسەر ئەوە کراوە، بەڵام لەبەرفراوانبوونی شارۆچکەکە ئەندازەیەکی زۆر لە کۆڵان و گەڕەك ماون کە پرۆژەی کۆنکرێت و قیرتاوکردن و ئاوەڕۆیان بۆ بکرێت، بەبڕی دوو ملیار دینار پرۆژەی شۆستە و کۆڵان و شەقامی هەندێ گەڕەك لەناو سەنتەری ناحیەکە لەژێر ئەنجامداندایە. هەروەها ئەو پردەی کە دەکەوێتە دەروازەی دەڤەرەکەوە بەشێوەیەکی کاتیی چاککرایەوە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی بچووك و لە لای خوارەوەی پردەکەش ڕێگایەکی بەدیل بۆ لۆری و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ڕێکخراوە، تاوەکو پردەکە بەیەکجاری و بەشێوەیەکی باش و سەردەمیانە دروست دەکرێتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین ئەم پردە دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ هەموو سنوورەکەو بۆ ڕانیە و حاجیاوە و چوارقوڕنە و .تاد، پێویستە بە زووترین کات چاك بکرێتەوە..

**پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان لە چوارقوڕنە نییە**

سەبارەت بە گرفتی میلاکات و پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی: بەپێی ئەو ڕێژە زۆرەی دانیشتووان و ئەو نەخۆشخانانەی لە چوارقوڕنە هەیە کێشە و گرفتی گەورەمان لە کەمی و نەبوونی کارمەند و پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەت هەیە، لەبەرئەوەی تەنیا دوو پزیشکی موقیم لە نەخۆشخانەی ناحیەی چوارقورنە هەیە، لە لایەکی تر پزیشکی ئافرەتمان نییە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەو بەرچاوە، هەر بۆیە لە کاتێکدا کە وەزیری تەندروستی سەردانی ناحیەی چوارقوڕنەی کرد ئەو کەموکوڕی و پێداویستیانەی هەیە پێمان ڕاگەیاند، لێرەشدا داواکارین کە لە دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان بۆ ناحیەکەمان لایەك بکرێتەوە.

**گوندی هیزۆپی بچوك**
**گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە**

سەبارەت بەوەی کە لە زۆربەی قەزا و ناحییەکان بەتایبەتی لە ئەنجامی وشکەساڵی کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوە هەیە، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی: بەهۆی هەوڵی حکومەت و لایەنی پێوەندار لەم لایەنەوە کەمترین کێشە و گرفتمان هەیە، بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لەناو سەنتەری ناحیەدا ژمارەیەکی زۆر بیری ئاو لێدراوە، بەڵام وەکو پلان و پرۆژەی

## تا ئێستاکە هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری و نیشتەجێبوون و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە سنووری ناحیەی چوارقوڕنە ئەنجام نەدراوە

ستراتیژی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ گرفتی ئاوی خواردنەوە نەمێنێت ئەوە لە دەربەندی ڕانیە پرۆژەیەکی گەورەی ئاوی خواردنەوە لە ژێر جێبەجێکردندایە، هەرچەندە پرۆژەکە دواکەوت، بەڵام ئێستاکە قۆناخی باشی بڕیوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت و لە ئەنجامدا هەرچی گرفتی ئاوی خواردنەوە لە سنوورەکەدا هەیە چارەسەر دەبێت و تۆڕی شارۆچکەکە بەگشتی ساڵانە نوێ کراوەتەوە، بەڵام ئێستاکەش گەڕەك هەیە پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، هەر ئێستاکە پرۆژەیەکی تۆڕی ئاوی خواردنەوە بە درێژی زیاتر(١٤) کیلۆمەتر لە ناو سەنتەری ناحیەکە بە بۆری و سیستەمی تازە و هاوچەرخ ئەنجام دەدرێت، هاوکات پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بە درێژایی دوو کیلۆمەتر و کۆگایەکی گلدانەوەی ئاو بۆ گوندی قەسرۆك ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە پلان و بەرنامەی ئەمساڵدا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوندی گرجان و ئەسیلانمان بەرزکردۆتەوەو ئەولەویەت دراوەتە ئەو پرۆژانە بۆ ئەنجامدانانیان، لەلایەکی ترەوە لە گوندی هیزۆپی بچوك گرفتی ئاوی خواردنەوە هەیەو لە هەوڵی ئەوەداین کە بیرێکی ئیرتیوازیان بۆ لێبدرێت، هەروەها بۆ چاککردن و کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری لە گوندەکانی سنوورەکەمان کێشەی ئیداریمان هەیە، بۆ نموونە گوندێکی وەکو گرجان و قەرەنیاغەکە پێویستیان بە ئاوەڕۆ هەیە، داوا دەکەین بۆیان ئەنجام بدرێت کە ڕوو لە شارەوانی دەکەین دەڵێن ئەو گوندانە لە دەرەوەی سنووری دیاریکراوی ئێمەیە و ناتوانین بۆیان بکەین و بۆ ئاوی خواردنەوەش بە هەمان شێوەیە.

**پاککردنەوەو خۆرزگارکردن**
**لە زبڵوخاشاك**

سەبارەت بە فڕێدانی ئەو زبڵو خاشاکە لە نزیك شارۆچکەکەوە، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە وتی: یەکێك لە کێشەو گرفتەکانمان پاککردنەوەو خۆرزگارکردنە لە زبڵوخاشاك، پاککردنەوەی گەڕەك و کۆڵانەکانی ناو ناحیەکە بەپێی توانا شارەوانی و کرێکارەکانی هەڵدەستن بە پاککردنەوەو لە پاشان زبڵەکە دەگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار لەوێ دەیخەنە ژێر گڵ یا دەسووتێنرێت، بە گشتی سیستەمی پاککردنەوە







خـــۆ رزگاركردن لە زبڵوخاشـــاك زۆر كۆن و ســـەقەتە و كاریگەری خراپی لەســـەر ژینگە و تەندروستی خەڵكی سنوورەكە هەیە، بەبێ دانانی كارگەی ریسایكلین ئەم گرفتە كاریگەری خراپی دەبێت و چارەسەركردنیشی زۆر ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی زبڵوخاشاكەكەی بۆ هەر لایەك و شوێنێك دەبەیت زیانێكی گەورە بە تەندروستی مرۆڤ و ژینگەكە دەگەیەنێت.

## قەرەباڵغیەكی بەرچاو لە ژمارەی قوتابی ناو پۆلەكان هەیە

پرۆســـەی خوێندن و پـــەروەردە یەكێكە لەو بنەمایانـــەی كە دەبێتە هۆی پێشـــكەوتنی هەر كۆمەڵگەیـــەك، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە پێـــی وایە: لە ســـنووری ناحیـــەی چوارقوڕنە بەگشـــتی (٢٥) قوتابخانە هەیە،(١١) بینایەی قوتابخانە لەســـەنتەری ناحیەكەدایە، یەكێك لەم قوتابخانانـــە (٦) پۆلییە كـــە ئەمەش لەگەڵ ســـەنتەری ناحیـــە ناگونجێـــت، لەســـەنتەری ناحیـــەی چوارقوڕنە(٥) بینایـــەی قوتابخانە ســـێ دەوامییـــەو (٦) بینایـــەش دوو دەوامییە لەبەر ئـــەوەی نزیكەی(١٢) هـــەزار قوتابی لە نـــاو ناحیەكە هەیە، هەر بۆیـــە ژمارەی قوتابی لەپۆلەكان زۆرتـــرەو قەرەباڵغیەكـــی بەرچاویان تێدا هەیە، پێویســـتە بینایـــەی قوتابخانەی تر لەناو ســـەنتەری ناحیەو گوندەكان دروست بكەن، وابڕیـــارە ئەمســـاڵ قوتابخانەیەكی(١٢) پۆلی بۆ ســـەنتەری چوارقوڕنـــەو (٦) پۆلییەك بۆ گوندی ئەسپریلان دروست بكەن. هەروەها كێشەو گرفتمـــان لە كەمی میلاكات و مامۆستاشـــدا هەیە،. لەلایەكی ترەوە لەگەڵ كردنەوەی زانكۆی ڕاپەڕین داوامان لەسەرۆكایەتی زانكۆی ڕاپەڕین كردووە كە كۆلێژی كشتوكاڵ لەسنووری ناحیەی چوارقوڕنـــە بكەنـــەوە، لەبەر ئەوەی ســـنووری ناحیـــەی چوارقوڕنە گونجاوترین و باشـــترین شوێنە بۆ ئەو كۆلێژە.

هاوكات لەبینایـــەی قوتابخانەو گوندەكانی گرجـــان و قەرەنیاغە كـــە دوو گوندی گەورەو قەرەباڵغـــەو ڕێـــژەی قوتابیـــان زۆرەو بینـــای قوتابخانەكانیـــان بچووك و باش نییە، بۆ نموونە گوندی قەرەنیاغە تەنیا قوتابخانەیەكی شـــەش پۆلـــی هەیە لەگەڵ بینایەكی تر كە ڕێكخراوی (كلا) دروستی كردووە،زۆر بچوكە و بۆ خوێندن شـــیاو نییە، جگە لەوەی كۆنـــەو لەبەر خراپی زەوییەكەی كە خاكێكی نەرمە دیواری بینایەكە لـــە زۆر شـــوێن درزی بردووە، هـــەر ئەم گوندە لە ســـاڵی رابردوو(١٨) پۆلـــی خوێندنی هەبوو و ئەمســـاڵ زیاتر لە (٢٠) پۆلـــی دەبێت، بۆیە نازانین چۆن دەتوانرێت پرۆسەی خوێندنەكە ڕێك بخرێت، بەلایەنی كەمەوە ئەو گوندە پێویستی بە بینایەكی(١٢) پۆلی هەیە .

## جگە لە نەبوونی كرێكاری سەر پەیژە، سەلەی كارەباییش نییە

سەبارەت بە نەبوون و كەمی ئامێر بەڕێوەبەری ناحیەی چوار قوڕنە وتی: بێگومان ئامێرەكانی وەكو بلدۆزەر و شـــۆفل و گرێدەر و ئۆتۆمبێلی ئاگركوژانەوە....تاد. و جۆرەكانی تر كە لەلایەن

**بۆ چاككردن و كاروپرۆژەی خزمەتگوزاری لە گوندەكانی سنووری ناحیە. كێشەی ئیداری هەیە سیستەمی پاككردنەوە خۆ رزگاركردن لە زبڵوخاشاك زۆر كۆن و سەقەتە و كاریگەری خراپی لەسەر ژینگە و تەندروستی خەڵكی سنوورەكە هەیە**

شارەوانییەوە پێویستن زۆر كەمە، هەروەها یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی ناحیەی چوار قوڕنە لە بـــواری كارەبادا نەبوونی ســـەلەی كارەبابییە بەم هۆیەشەوە چەندین كارمەندی كارەبا لە ئەنجامی بەكارهێنانی پەیژە لە بری سەلەی كارەبا بووینە قوربانـــی گیانیان لە دەســـتداوە یـــا كەمئەندام بووینە. كێشـــەی ســـەرەكی كارەبامان جگە لە كەمی كرێكار و ســـەلەی كارەبا كەمی فیدەرە، هەروەها لۆدەكان زۆرجار لە ئەنجامی بارقورسی و زیاد سەرفكردنی دەدابەزن و كارەبا دەبڕێت یا لە وەرزی زستاندا كە تووشی تەناوب دەبن بەتایبەتی لە كاتی ئیـــش پێكردنی موەلیدەكانی ئەهلی لە ئەنجامدا گرفت دروســـت دەبێت، لەلایەكی ترەوە تۆڕی كارەبامان بەپێی پێویســـت نییە، بەڵام لە ســـاڵانی رابردوو كار لە مبوارەوەشدا كراوە، هەر بۆیـــە بڕیارە و لـــە ٢٠١١/٧/٧ راگەیاندراوە كە تۆڕی كارەبـــای ناو ســـەنتەری ناحیەكە چاك بكرێتـــەوە و هەر لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا ڕووناكی شەقامی سەرەكی ناو سەنتەری شارۆچكەكەش دابنرێت.

لەلایەكـــی تـــرەوە لـــە فەرمانگـــە خزمەتگوزارییەكانی وەكو شـــارەوانی و كارەبا و ئاو و. تاد، یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی ترمان نەبوونی كرێكار و كارمەندی پێویستە، هەر بۆ نموونە لە بواری كارەبا گرفتمان نەبوونی كرێكار و كارمەندی ســـەر پەیژەیـــە، چونكە ئەوانەی خاوەن ئەزموونن ســـاڵ لە دوای ساڵ بە تەمەن داچووینەو خانەنشین بووینە و بەهۆی نەبوونی دامەزراندنیش كـــەس نەهاتۆتەوە جێگایان، هەر بۆیە زۆر پێویستمان بە سەلەی كارەبایی هەیە و داواشمان بۆ ئەو مەبەستە بەرزكردۆتەوە .

## گەنم لەسەر زەوی كۆ دەكرێتەوە

بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە ئاماژەی بەو كەموكورتیە كرد كە لەبواری كەرتی كشتوكاڵی هەیەو تاكو ئێســـتا وەزارەتی كشـــتوكاڵ هیچ





پرۆژەیەکی لەسنووری ناحیەکەیان ئەنجام نەداوە لەمبارەیەوە وتی: وەکو ناحیەی چوارقورنە تا ئێستاکە وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆژەیەکی نەکردووەو تەنانەت بینایەی فەرمانگەی کشتوکاڵ لە کرێ دایە، بەڵام لە سنووری قەزای ڕانیە لەسەروچاوە دەریاچەیەکی بچووکی بۆ گلدانەوەی ئاو دروستکردووە و لەسەروچاوەشەوە بە چەندین کیلۆمەتر جۆگەلەی ئاودێری درێژ بۆتەوە بۆ حاجیاوە و تا دەگاتە دەشتی چوارقورنە و گوندەکانی گرجان و قەرەنیاغە و.. تاد. بەڵام جۆگەلە ئاودێریەکان کۆنکرێت نەکراون، هەروەها وەکو دەزانین دەشتی بیتوێن کە سنووری چوارقورنەش دەگرێتەوە کە بەرفراوانترین زەوی بە پیتو بەرەکەتی دانوێڵەیە، بەتایبەتی بۆ گەنم ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر زەوی دادەچێنرێت و داهاتێکی بەرچاویش لە گەنم بەرهەم دێت، بەڵام تا ئێستا لە ناحیەی چوارقورنە نەبینایەی فەرمانگەی کشتوکاڵ هەیە نە کۆگاو سایلۆ لە سنوورەکە دروستکراوە، ساڵانە لە سنوورەکە ڕێژەیەکی زۆر گەنم لە جوتیاران وەردەگیرێت، هەر لەسەر زەوی کۆ دەکرێتەوە لە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە (٩٠) هەزار تەن گەنم لە جوتیاران وەرگیرا تا گوازرایەوە بارانیشی بەسەر باری، بۆیە داواکارین پرۆژەی سایلۆیەك لە سنووری ڕانیە و چوارقورنە و حاجیاوە ئەنجام بدرێت، هەروەها ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ پێشینەو مۆڵەتی بیر لێدان لە لایەن جوتیاران لەسەر زەویەکانیان کێشەیەکی گەورەیە، بۆیە پێویستە وەزارەت چارەسەری بکات، ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە ئەوەی بیر لەسەر زەویەکەی لێبدات دەبێ ڕووبەری زەوی کشتوکاڵیەکەی (٢٠) دۆنم زەوی بێت یا بۆ باخ (٣٠) دۆنم زەوی بێت، لە کاتێکدا شێوەی دابەشکردنی زەوی لە سنوورەکەدا( ٣ دۆنم ٥ دۆنم بۆ ٩ دۆنمە).

لەلایەکی ترەوە لە سنووری ناوچەی ئێمە زەوی و گوند هەیە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکان دەکەون، ئەمەش هێڵێکی دیاریکراوە لە بیتوێن پێی دەڵێن قەتارە ڕێی، بەڵام هەندێ شوێن هەیە لە زمنی ناو هێڵەکەشە گەرچی ژێر ئاو ناکەون، بۆیە پێویستە چاو خشاندنەوە بەم هێڵە بکرێت، هەروەها لە ناحیەی چوار قورنە یەکێك لە گرفتەکانی ترمان نەبوونی بەیتەرەیە.

هاوکات قەسابخانەیەك لەچوارقورنە هەبوو، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی شارۆچکەکە بەرە بەرە کەوتە ناو سەنتەری شارو گەڕەکەکان، ئەمەش مەترسی لەسەر تەندروستی خەڵك هەیە، بۆیە بە کەڵکی کارکردن نایەت.

## دابەزاندنی دەسەڵات تەنیا بە دەرکردنی بڕیار نایێت

سەبارەت بەوەی کە بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو کە دەسەڵاتی ئیداری بۆ یەکە ئیدارییەکان دابەزێتە خوارەوە ئەمە تا چەند کاری پێکراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی چوار قورنە وتی: بڕیاری ئەوە دەرچووە کە دەسەڵات بەرەو لامەرکەزیەت بچێت، بەڵام دابەزاندنی دەسەڵات تەنیا بە نووسراوو دەرکردنی بڕیار نییە، بەڵکو دەبێ بە فیعلی بکەوێتە بواری کارکردن لە کارگێڕیدا و بەبێ دەسەڵاتی دارایی و بەبێ بودجە تەرخانکردن دەسەڵاتی ئیداری هیچ کاریگەری و سوودی نابێت.

**داوامان لەسەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین کردووە کە کۆلێژی کشتوکاڵ لەسنووری ناحیەی چوارقورنە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی سنووری ناحیەی چوارقورنە گونجاوترین و باشترین شوێنە بۆ ئەو کۆلێژە**

## کەس ناتوانی نکۆڵی لە بێکاری بکات

سەبارەت بەدۆزینەوەی هەلی کارو چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتی بێکاری بەڕێوەبەری ناحیەی چوار قورنە وتی: گرفتی بێکاری لە ناحیەی چوارقورنە کێشەیەکی گەورە و بەرچاوە و کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، لەلایەکی تر وڵاتی ئێمە ڕێژەیەکی زۆر گەنجی هەیە، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە ژیان و هەلی کارکردن هەیە، هەر بۆیە ئێستا لە چوارچێوەی ئەو چاکسازیەی لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە و دەست بە چاکسازی کراوە، هەوڵدەدرێت هەلی کار بۆ بێکاران بدۆزرێتەوە یا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاردراوە بیمەی بێکاری بە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بدرێت تا ئەوکاتەی کاریان دەست دەکەوێت، بەڵام تا ئێستاکە هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری و نیشتەجێبوون و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە سنووری ناحیەی چوارقورنە ئەنجام نەدراوە، تاوەکو لەم ڕێگایانەوە هەلی کار بۆ بێکاران و لاوان دەستەبەر بکرێت.

لەلایەکی ترەوە ئێمە گرفتێکی ترمان هەیە کە خانەی کازیوەی ڕۆشنبیری منداڵان سەرتاپای ستافەکەی گرێبەستن پێویستە چارەسەرێکی بۆ ئەم خانەیە بکرێت و کارمەندی هەمیشەیی بۆ دابمەزرێت.